کتێبی ژمارە – 3 –

# لە
# بازنەی
# تەقەدوسدا

کۆمەڵە چیرۆک

نووسەر: زێنەب یووسفی

ناوی کتێب: لە بازنەی تەقەدوسدا

بابەت: کۆمەڵە چیرۆک

نوسەر: زێنەب یووسفی

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: ڕێبین مەجید

سەرپەرشتیاری چاپ: کەنعان خەلیل.

تایپیست: پەیام ئەحمەد

هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا

تیراژ: (500) دانە.

ژمارەی سپاردنی: (2063)ی ساڵی 2008ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ

چاپخانەی: (پەیوەند) سلێمانی

Created by trial version, http://www.pdf-convert.com

کتێبی ژمارە – ٣ –

# لە
# بازنەی
# تەققەدوسدا

کۆمەڵە چیرۆک

نووسەر: زێنەب یووسفی

ناوی کتێب: لە بازنەی تەققەدوسدا

بابەت: کۆمەڵە چیرۆک

نوسەر: زێنەب یووسفی

ژمارەی سپاردن:

نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: رێبین مەجید

تایپێست: پەیام ئەحمەد

هەڵەچنی: کارزان عەبدوڵڵا

تیراژ:

چاپخانەی:

## پێڕست


دەلاقە1 ٥
دەلاقە٢ ١١
دەلاقە٣ ١٤
پانتۆڵی موققەدەس ١ ١٨
پانتۆڵی موققەدەس ٢ ٢٣
پەیتا، پەیتا ئەستێرەکان..... ٢٧
دڵی موققەدەس١ ٣٥
دڵی موققەدەس٢ ٣٩
دڵی موققەدەس٣ ٤١
دڵی موققەدەس۴ ۴۴





دڵی موققەدەس٥ ٤٩
دڵی موققەدەس٦ ٥٠
دڵی موققەدەس٧ ٥٧
دڵی موققەدەس٨ ٥٨
دڵی موققەدەس٩ ٦١
دڵی موققەدەس١٠ ٦٦
دڵی موققەدەس١١ ٨٤
دڵی موققەدەس١٢ ٨٨
ماچە مەستە سەرگەردانەکان ٩٠

# دەلاقە (١)

لەتەنیشتی دەلاقەیەکی بچکۆلانەوە راوەستاوم. دەمێکە وا هەستدەکەم ئیدی پێویستم بەم دەلاقەیە نەماوە. تەنانەت ناتوانم لەچوارچێوەکەیەوە سەیری ئاسمانیش بکەم. لەپێش چاوانمەوە هیچ لێکچوونێکی لەدەلاقەیەک نەماوە.

دەمەوێت دایخەم، ئەم دەلاقەیە پێشتر وانەبوو. مت و بێدەنگ بوو. هەمیشە وام هەستدەکرد خاوەن دەلاقەیەکی بچووک و جوانم. ئازادانە لەژوورەکەمدا هاتوچۆم دەکرد، کێ ئاخر بیر لەوە دەکاتەوە کەلوپەلەکانی خانووەکەی گیانداربن، نا، هیچکات وام بیر لێنەدەکردەوە، بەڵام رۆژێک هات کە من تێگەیشتم ئەم دەلاقەیە هەندێجار لەقاقای پێکەنین دەدات.

یەکەمجار کە بەم حەقیقەتەم زانی، سەرخۆشانە نوقمی ماچی کردم، تا چەند رۆژێ، لەبازنەی ئەو پێکەنین و قاقا لێدانەو ماچ و مووچەی سوورم دەخوارد، کە مۆبایلەکەم زەنگی لێدا، هاورێکەم بوو لەهەندارانەوە، زۆرم پێخۆشبوو کە زەنگی بۆ دام و ماوەی ٤٠ دەقیقە پێکەوە دواین، پاش



داخستنی مۆبایل، لەپڕ نرکەیەک لەدەلاقەوە بەرز بووەوە. ئێستا لەو رۆژەوە هەندێجار بەجۆرێک تووڕە دەبێت کە بەزللەو بەشەق لێمدەدات، بڕوا ناکەی؟ با... وایە. زۆرتری کاتەکانیش بەخەمەوە دەگری. پرمەپرمی گریانەکانی لەوانەیە دڵم بتۆقێنێت. لەم بارودۆخە پەرێشاندەبم و دڵەڕاوکێ دەمگرێت. کەدەس دەبەم دایخەم، هاوارو پاڕانەوەی گوێی ئاسمان کەڕ دەکات، دڵم دێتە لەرزین و لەپاڕانەوەکانی خەم دامدەگرێت، کە لەداخستنی پەشیمان دەبمەوە، بەمست و جنێو و تف لێم بەردەبێت ئەم دەلاقەیە، ئاخ خ خ چوزانم چی لێبکەم؟ کەنان دەخۆم، برسیەتی هاری دەکات بەجۆرێک کە دەبێ نان لەدەمی خۆم دەربێنم و لەزاری ئەوی بنێم، ئەی نەمگوت زاری هەیە ئەم دەلاقەیە؟ با، دەمێکە زاری لێم کەوتووەتە دەرێ، لەو رۆژەوە کە لەقاقای پێکەنینی دا، هێدی هێدی نەخشی زارێکی بچکۆلانە لەڕووی ئەم دەلاقەوە کەوتەدەرێ. پاشان چاو، کەپۆ، دواتریش دەست و قاچی لێدەرکەوت. هەندێجار لەقسەکانی بیردەکەمەوەو بەم دەرەنجامە دەگەم کەدەبێ مێشکیشی هەبێت، ئەگینا چۆن وای لەمن کردووەو ژیانی منی

ئالۆز كردووه؟ كه ده‌مه‌وێت له‌حه‌مامدا خۆم بشۆم هاواری لێبه‌رزه‌وه ده‌بێت. ده‌بێ ئه‌ویش بێته سه‌یری خۆشتنه‌كه‌م. ده‌بێ ده‌رگای حه‌مامی لێ ئاوه‌لا بكه‌م. نابێ له‌كاتی رووته‌وه‌بووینـدا خۆمی لێبشارمه‌وه، ده‌بێ به‌ڕامانه‌وه بۆ ئه‌ندامه‌كانم بڕوانێت، با، چاویشی هه‌یه ئه‌م ده‌لاقه‌یه.

به‌هۆی چاوه‌كانیه‌وه بوو كه‌تێگه‌یشتم هه‌سته شه‌هوانیه‌كه‌ی چه‌ند به‌هێزه، لێره‌دا زانیم كه ئه‌مه ده‌مێكه وه‌كو مرۆڤه‌كانی لێهاتووه‌و بۆ خۆی بووه‌ته پیاوێك. كه‌ده‌خه‌وم هه‌ر شێت ده‌بێت، بێگومان ده‌بێ له‌گه‌ڵمدا سێكس بكات، نه‌مگوت ئه‌ندامی پیاوه‌تیشی هه‌یه ئه‌م ده‌لاقه‌یه؟

ئای... چه‌ند سامناكه ژنێك بۆ ده‌لاقه‌یێك بوه‌ستێت و بهێڵێت له‌گه‌ڵیدا سێكس بكات. زۆرتری كاته‌كان یان ده‌خه‌وێت یان ده‌گری. ئیدی ناتوانم، نا، ناتوانم و نازانم چی لێبكه‌م.

خه‌ریكه لێم ده‌بێته گردێكی مه‌ترسیهێنه‌ر. ئه‌گه‌ر ئاوا به‌رده‌وامبێت، له‌وانه‌یه منیش بكاته ده‌لاقه‌یه‌كه‌وه، ده‌مه‌وێت دایبخه‌م ئه‌م ده‌لاقه‌یه، له‌وانه‌یه بمكوژێت، یان خۆی دیق بكات.



نازانم كه‌ی و چۆن بووه به‌پیاو. نازانم كه‌ی و چۆن عاشقم بوو، كه‌س بڕوای پێنییه كه ئه‌م ده‌لاقه‌یه بۆ خۆی پیاوێكه. هاتووه‌ته مێشكمه‌وه خۆمیش ببمه ده‌لاقه‌یه‌ك، ده‌قاوده‌قی خۆی. نازانم ئه‌و چۆن و كه‌ی بووه به‌لاساییكه‌ره‌وه‌ی پیاوان؟ حه‌زی له‌هه‌ڵسوكه‌وته‌كانی كامه پیاو كرد وا هێدی هێدی بێئه‌وه‌ی من بزانم، بوو به‌پیاو؟ ده‌مه‌وێت ببمه‌لاسایی كه‌ره‌وه‌ی ئه‌و، ببمه ده‌لاقه‌یه‌ك، به‌ڵكو وازملێبێنێت، به‌ڵكو دواتر خۆمیش دابخه‌م.

ره‌نگه ئه‌گه‌ر ببمه ده‌لاقه، رۆژێك بێت كه‌ئیدی كه‌س پێویستی به‌منیش نه‌بێت.

چه‌ن رۆژه ده‌لاقه بچكۆلانه ئه‌مه‌نده گریاوه‌و خۆی له‌چوارچێوه‌ی شوراكه كوتاوه، كه‌ئیدی هێزی هاوارو دادی پێنه‌ماوه، چونكه ده‌مێكه پیاوێك به‌رانبه‌ر به‌ده‌لاقه تێده‌په‌ڕێت، ئارام، ئه‌هوه‌ن. گوێمان بۆ هه‌ڵده‌خات، له‌من و ده‌لاقه راده‌مێنێت.

هەر کەچاوی پێدەکەوێت دەلاقە، شێت دەبێت.. من هەموو ڕۆژێك، کەکاتی هاتنی کابراو تێپەڕینی لەکۆڵان دەگات، داخ هەڵدەگەڕێم و سەیریدەکەم و کابرایش هیچ ناڵێت.

کە دەلاقە زانیویە کابرا سەرنجی منی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، هەر دەگری.

پێشتر لێمی دەداو تفی لێم دەکرد، توڕە دەبوو، دەینەڕاند، بەڵام من گوێم نەداو دەستبەرداری کابرا نەبووم.

ئێستا دەلاقە، چەن ڕۆژە نەئاو دەخوات، نەنان دەخوات، کاری بوەتە گریان و خەمخواردن، شەوانە بەخەمەوە لەگەڵم سێکس دەکات و ئەگەر بڵێم حەزم لێت نییە...تکایە وازم لێبێنە، بەشەق و زللە لێمدەدات و ناچارم دەکات ڕێگای بدەم و هیچ نەڵێم، ئەمڕۆ کابرا کەوتووەتە درەنگەوەو دیاری نییە، بەڵام دەزانم هەر دێت، دەڕۆم بەئەسپایی و لەو شوێنە وا دەوەستێت، دەکێشم جەغزێکی هەتا هەتایی، با، هەتا هەتایی، بەرانبەر بەدەلاقەی وردو خاشکراو.



دەلاقە هەستی پێدەکات و دەکەوێتە نووزەنووز، سەیر دەکات، نا، بێسوودە، من ئیدی تۆم ناوێت ئەی دەلاقە، نا، نا، تۆم ناوێت.

پیاو دێت و دەکەوێتە نێوان جەغزەکەوە. ئەویش هەست بەو جەغزە دەکات و هەراساندەبێت، وەکو ئەو مشکانە وا دەکەونە داوی بازنەکانەوەو تاهەتا هەتایە لەنێوانیاندا دەسووڕێنەوە، بەڵکو خۆیان ڕزگار بکەن، نا، ڕزگاری بۆ نییە پیاوی ئالوودە بەجەغز.نا، نا، ناتوانی خۆت ڕزگار کەی، نازانم کێ فێری ئەم فێڵەی کردووم ؟ بیرم نایە.

فێڵدەکەم، تەفرە، تەفرە. دەلاقەی بەستەزمان هەستی بەفێڵ کردووە. پیاو ناتوانێت خۆی ڕزگار بکات و لەبازنەی فێڵی منەوە دەکەوێتە سووڕان.

من لەتەنیشتی دەرگایەکەوە ڕادەوەستم و دەبمە سەیرکەری گۆڕەپانی پێش چاوانی دەلاقەیەکەوە.

# دەلاقە(٢)

لـەو رۆژەوە کـابرا کەوتـە بازنـەی جەغزەکـەوە، دەلاقـەی بچووك ئاکامی هات.

تـۆ نـازانی ئاکـامی دەلاقەواتەچـی؟ هـا، نـازانی؟ مـن بـۆت دەگێڕمەوە، با، دەیگێڕمەوەچۆن چۆنی دەلاقـەی بەسـتەزمان ئاکامی پیّ هات. کابرا لەجەغزدا بیّ ویست، لەسووڕاندایە، مـن بەرانبەر بەئەو لەچوار چێوەی دەرگاکەوە لەسەیرکردندام، بیّ ئەوەی هەستبکەم دەلاقە لەشوورا جودا دەبێتەوە.بیّ ئـەوەی سەیربکەم دەلاقە دەبێتە پیاوێك، وێنەی کابرای نێوان جـەغز، دەقاو دەقی خۆی.

لـەپڕ مۆبایلەکـەم زەنـگ لێـدەدات، مـن بـەرەو ژوور ئـاوڕ دەدەمەوە، هاوڕێیەکەمە، لەهەندەرانـەوە پەیوەنـدی گرتـووە، ٤٠ دەقیقـەی رێـك پێکـەوە دەدوێـین، مـن لـەقاقای پێکـەنین دەدەم.

چ عـەیبێکی هەیەحـەیاتم؟ نـاااااا، قـەت بەعـەیبی نـازانم ئافرەتێك وەکو من لەقاقای پێکەنین بدات، بۆ بەعەیبی دەزانی



؟ رۆژێکـان ئـەم هاوڕێیـەم بەکامێراکـەی دەیـان رەسمـی مـنی گرت، دەلاقەی بەستەزمان کەئێستا خەریکە تووشی گۆڕانێکی مەزەن دەبێت، چاوی لێمان بوو، هەر مـن دەمبـینی چۆنـچۆنی مۆڕەم لێدەکاتەوە، کەس ئاگای لیّ نەبوو کە ئەو لەڕاستیدا بۆ خۆی مرۆڤێکە. وا دیارە ئێستا من ئیدی خـاوەنی دەلاقەیەکی بچووك نیم، سەیردەکەم کابرا لەبازنەی جەغزدا وەکو مشکێکی چـکۆلانە لەسووڕاندایە. مـن... ئێستا... ئەگـەر...بـڕوا بکـە، ئەگەر لەم ژوورەدا ئـاوڕ بدەمـەوە، چـاوم دەکـەوێت بـەکابرای نێوان جەغزەکەوە. هەی هوو...ئاخر من چووزانم چۆن دەبێت وابێت؟ واتە من خاوەنی پیاوێکم لەدوو شـوێندا؟ هـاااا؟ لەیـەك کات و دوو شوێن و یەك کابرا؟ بەڵام، بـاااا، وایـە، مـن چـووزانم چۆن وایلێهاتووە؟

هاوڕێکـەم گـوتی: دێمـەماڵتان و چـەن رەسمێکـی دیکـەت دەگرم، گوتم: باشە، بەڵام بیّ سەر پـۆش. هاوڕێکـەم بـەبزەوە گوتی:ئەی بەسەر چاو.

من دەمێکەخاوەنی ئەم هاوڕێیەم، هاوڕێیەکی باشـە، بـەڵام ئەم دەلاقەیە، ئای لـەم دەلاقەیـە، داوای لێبوردنتـان لێدەکـەم

حەیاتم، لەڕاستیدا من ئیدی خاوەن دەلاقەیەك نیم، لەپڕ لەبیرم چوو دەلاقەی پێشوو ئێستا بووەتە پیاوەکەی نێوان جەغزەکەو لەهەمانکاتدا کابرای نێوان جەغزەکە هەر لەبازنەکەدا لەسووڕاندایەو بەردەوام عاشقی منەو ئەمەی پشت سەریشم کە ئەگەر بەرەو ئەو بسووڕێمەوە، بێگومان هەمان پیاوی نێوان جەغزەکەیەو بەردەوام مۆڕەم لێدەکاتەوە. ئاخر چۆن وا دەبێت، نازانم دەبێت لەهاوڕێکەم پرسیار بکەم، لەوانەیە ئەو وەڵامی ئەم پرسیارە مەزنە بزانێت.

ئێستا هەرئەمەندەی لێدەزانم کەمن لەم کاتەدا، نەخاوەن دەلاقەیەکم کە لەچوارچێوەی ئەوەوە دنیا سەیربکەم و نەخاوەن عاشقێکی تەماویم لەبازنەی جەغزێکی هەتاهەتایی تاکو هەزارانجار تەفرەی بدەم و دڵی خۆمی پێگەرمبکەمەوە.

هاوڕێیەکەم دەیەوێت بێت و دەیان ڕەسمم بگرێت، بەڵام دەترسم، دەمێکە لەتۆ دەترسم، لەوانەیە قبووڵی نەکەم، نازانم ئایا تۆ دیسان مۆڕەم لێدەکەیتەوە یان نا؟



## دەلاقە(٣)

سەیری خۆم دەکەم لەم ئاوێنەدا، چەن دەمبەپێکەنینی، تۆ خۆ وا نەبوویت، ئێستا من وەکو تۆم لێهاتووە، نازانم چیم بەسەردا هاتووە، تۆ بەردەوام لەدواندن و گاڵتەو قسەی خۆش ناکەویت، ئایا ئەم هاوڕێیەی تۆ ئیش و ژیانی نییە؟ تۆ، بەڵێ، جەنابت کەبێکارو بێ عار ئەم ڕۆژانە لەهاتوچۆدایت، بەڵام ئەم خوێڕیە چی؟ ئەی ئەو؟ لەوانەیە ئەویش لەتۆبکات و ئەویش خوێڕییەك بێت وەکو خۆت.

ئەمەوێت بڕۆمە لای دکتۆر، هەمووگیانم ژان دەکات، قاچ و قۆڵ و تەنانات قوڕگیشم ژان دەکات، مێشکم وەختە بتەقێت، لەوانەیە شەکری خوێنم گرتبێت،،،، ئای ی ی نااا، خوا نەکات، دەڵێن زۆر بۆ لاشە مەترسی هەیە، نا، نا، نا لەوانەیە، چونکە دەمێکە دەستم لەپیاسەی ئێواران هەڵگرتووە واملێهاتبێت، جەمامم، جەمام، هەی هووو چەند پیسی تۆ، ئاخرررررر ئەمەچ بەزمێکە،، گووشی مۆبایلەکەت ڕەنگی پێوەنەماوە، ئەمەندە لەنێوان لەپتدا ئەیگوشی، بەستزمانە ئەگەر گیاندار بویتایە،

ئێستا لەنێوان ئەو پەنجانەت هەڵپڕوکا بوو، ئەی بەقەبری بابتەوەهەی ئەرێ ئەم سەگبابە بۆ واز لەتۆ ناهێنێت؟ مەگەر نالێن ئەگەرکەس لەهەندارانەوە بۆ ئێرە زەنگ بدات ئەبێ پارەی زۆر تەرخان بکات؟ هااااا؟ ئەم حیزبابە بۆ وازناهێنێت؟ ئەمە ٤٠ دەقیقەی رێکە پێکەوە ئەدوێن،،، بۆ دەرەوە ئەڕوانم، تۆ دوێنێ، بەتەباشیری سوور، جەغزێکی مەزنت کێشاوە، بۆ کیژۆڵەکانی گەڕەك، با لەگەڵ کوڕەکاندا شەڕ نەکەن،،،، کیژۆڵەیەکی جوان لەوێ بەتۆپێك یاریدەکات. وابزانم من دوێنێ شەو خەوێکی سەیرم بەم جەغزەوە بینی، جوان بیرم نایێت، بەڵام وابزانم لەجیاتی ئەم کچەو رەنگی ئەم تەباشیرە، .......ئۆفففففففف چەند ملم ژان دەکات، ئاخخخخخ هەموو گیانم ژان دەکات.لەوانەیە نەخۆشی شەکرەم گرتبێت، هەستدەکەم کەسێك لێیداوم، بەسسسسسە بیبڕەوە دەی ئەم قاقاو پێکەنینە، بەسی کە، بەسیە، ئیدی بەسە، تۆ بەدەم قسەوە دیسان پێدەکەنیت و گووشی مۆبایلەکە لەنێوان لەپتەوە جێبەجێدەکەیت، بەرەو من دێیت، راستی هەر لەبیرتە لەکەیەوە سێکسمان نەبووە؟ ها؟ بیرتە، کورە ئەم هاوڕێیەت



مەگەر ئەهێڵێت تۆ بێر لەشتێك بکەیتەوە، ئەزانی لەکەیەوەچاوم بەو لەشە جوانەت نەکەوتووە؟ هەهەهە، ئەی داد، ئاخرینجار کەڕووتەوەبوویت بەگوێتدا چپاندم چەن لەئەسبێکی زیوین و جوان ئەکەی حەیاتم، ئۆی.... چەن شیرینە ئەو هەموو تیشك و جوانییە لەئامێزدا، خەریکی چی ئەکەی؟ هااااا؟

نازانم بۆ خەوەکەی دوێنەشەوم بیرم ناکەوێتەوە، نازانم لەوانەیە هی شەکرە بێت. شەکر کە لەخوێندا پیر بوو مێشك لەکار ئەخات و هیچ لەزەمیرتدا ناهێڵێتەوە، هەرچی بکەی شتێك بیرت ناکەوێت، تەنانەت بیرەوەرییە جوانەکانیش لەبیرئەکەیتەوە.

ئەوەچی ئەکەی حەیاتم؟ ئەمن شتێکی نەگونجاوم گۆت؟ هااا؟نا، نا تکایەنا، وا مەکەنااا، ئەوە بۆ دنیام لێ تار ئەکەی؟

نازانم لەکوێ بوو خوێندم سێکس جوانترین و شیرینترین بەشی حەیاتی مرۆڤە، ئەی بەقوربانی تەو دەمە بم کە ئەم رستەجوانەی لێهاتووەتەدەرێ، بەگیانی تۆ راستە، وایە، بەڵام

من و تۆ دەمێکە لەیەك دووریـن، دووریـن و خەمگینانـەش ئەژین.

کورە گیانە وا مەکە دەی،،، بۆ مەگەر نازانی حەزم لەم بەزمانە نییە؟ هاااا؟ یێ یێ یێ یێ یێ، ئەی گووی سەگ بەڕۆحی باوکت هاوڕێی هەندەرانی، ئەوەدیسان بۆ دەرەوە پەلکێشی کردیت.

نا نا، دام مەخەحەیاتم، نا، من حەز ناکەم دامخەی، تۆ کەی بڕوا دەکەی من خۆم مرۆڤێکم بۆ خۆم؟ هاااا؟ کورەدام مەخەدەی، کۆرەمن، من، تو، تۆ، حەیاتم من.....

تەواو



## پانتۆڵی موقەدەس (١)

لەیەکێ لەڕۆژەکانی بەهارێکی دڵڕفێن، پیاوێك عاشقی ژنێك ئەبێت. ژنەدڵی پێ ئەدات و لەگە لێ یەکدا دڵداری دەکەن. ژن بۆ کابرا پانتۆڵێکی خۆڵەمێشی دەکڕێت و لەکانتۆری جل و بەرگەکانیدا ئەیشارێتەوە.

هەرشەوێك کەکابرا دێتەماڵی ژن، ئافرەت بەحەزێکی زۆرەوە، پانتۆڵی خۆڵەمێشی لەژێر جل و بەرگەکانی دەردێنێت و بەکابرای ئەدات تا لەپێی بکات. ئەو پانتۆڵە خۆڵەمێشییە ئەبێتە یەکەمین هەنگاوی لەیەك نزیك بوونەوەیان و بەجۆرێك لەگەڵ یەکدا موتوربەیان دەکات کەخۆیشیان قەت وایان بیرلێنەدەکردەوە، ژیانی دڵدارییان تا بەو رادەیە بەو پانتۆڵە خۆڵەمێشییە گرێ بخوات.

هەر کەکابرا پانتۆڵ لەپێیدەکات، لەپڕ هەموو شتێکی ژیانیان دەگۆڕدرێت و چ ترس و وەحشەت و خەم و تەنیایە، لەژیانیاندا نووقم دەبێت و هەردووکیان دەبنە دوو مرۆڤی پڕ لەعەشق و خولیاو ئارەزووەجوانەکان.

کەکاتی رۆیشتنی کابرا دەگەیێت و کابرا پانتۆڵ لەپێی دەردێنێت، دیسان دەگەڕێنەوە نێوان دونیا خەمئالوودەکەی خۆیان و لەیەك جوودا ئەبنەوە.

کابرا بەخەم و پەژارەوە ژن بەجێدەهێڵێت و ژن وەکو هەوری بەهاری فرمێسك دادەبارێنێت و پانتۆڵی خولەمێشی لەکەوەنتەری جل و بەرگەکانیدا دەشارێتەوە. ژن وا خەم دایدەگرێت کە لەوانەیە لەپڕ دڵی بوەستێت.

زەمەن تێدەپەڕێت و هێدی هێدی پانتۆڵ لەپێش نیگایانەوە ئەبێتە بازنەیەکی مەزەن و هەر دووکیان تێدەگەن کە ئەو پانتۆڵە، لەکاتی پۆشینیدا، چەند بەهێز دونیایان دەگۆڕێت و ئەبێتە هۆی ئەوەی کە چی چەرمەسەی و نەهامەتییە، لەبیر بکەن.

پەیتا، پەیتا زەمەن تێدەپەڕێت و وەرزی هاوین دەسپێدەکات. لەهاویندا تیشکی شەو و رۆژەداخەکان و تینی عەشقی ئەو دووانە، رەنگی پانتۆڵ دەگۆڕێنن. ئارەقی رانەئەستوورەکانی پیاو لەپانتۆڵی خۆڵەمێشی ئەدات و هەندێ شوێنی کۆن و سپی دەکات.



کابرا لەژێر لێویەوە زمزمە دەکات: ئای چەندە رقم لەهاوینەو چەند حەزم لەپایزە، بەڵام ژن، لەزەریای داخی هاوین و عەشقەداخەکەیاندا بەردەوام لەمەلەدایەو ئاگای لەهیچ نییە.

هاوینیش تێدەپەڕێت و پایز لەڕێگاوە دێت. کابرا لەخۆشی پایزدا وەکو منداڵێکی رووحسووکی لێهاتووەو بەردەوام لەکاتی پۆشینی پانتۆڵدا وەکو شتێکی موققەدەس سەیری دەکات، بێئەوەی تێبگەیت پانتۆڵ رەنگی پێوەنەماوەو خەریکە شی ئەبێتەوە.

پایز دەسپێدەکات و لەگەڵ خۆیدا باو باران دێنێت. ژن هەست بەسەرما دەکات و لەژێر لێویەوە ئەڵێت: ئای چەند رقم لەپایزە.

رەنگی پانتۆل لەپەسا دەگۆڕدرێت و کۆن و کۆنتر ئەبێت.

گەردەلوولەکان دەستپێدەکەن و بارانەکان بەهێزتر شوێن و کات دەشۆرێنەوە ژن لەژێر لێویەوە هاواردەکات: بڕوا بکە من رقم لەپایزە، زۆرم رق لەپایزە.

گەردەلوولەكان و بارانە بەهێزەكان ناهێڵن دەنگی ژن بگاتە زەمیری كابرا، تەم و مژە بەردەوامەكانی پاش بارانەكان، ناهێڵن، كابرا هەست بەكۆن و شی بوونی بەردەوامی پانتۆڵ، بكات.

گەلێك رقم لەپایزە گیانەكەم.

رۆژێك گەردەلوولێكی زەرد لەكۆڵانەكانی شاردا هەڵدەكات و بەر بەكابرا دەگیردرێت و ناتوانێت لەكاتی دیاریكراودا خۆی بگەیەنێتەجێ ژوانەكەی، واتە، ماڵی ژن.

ژن لەپشتی شوشەلێڵەكانی پەنجەرەی ماڵەكەیەوە، بەخەمەوەلەچاوەڕوانیدایەو زمزمەدەكات: من گەلێك رقم لەپایزە حەیاتم.

رۆژی دوواتر، گەردەلوولەكە بەهێزتر ئەبێت و دیسان كابرا ناتوانێت خۆی بگەیەنێتە ئامێزی ژن و لەوانەیە هەر شێت ببێت.

ئەوان تەنیا لەئامێزی یەكدا هەست بەزیندوو بووین دەكەن، بۆیەخەریكن لەدووری یەكتر شێت ئەبن، ژن پاش



چاوەڕوانییەكی كوشەندە، پانتۆڵی كۆن و شڕ، ئەباتەوەو لەژێر جل و بەرگەكانی ناو كانتۆرەكەدا، ئەیشارێتەوە.

كاتژمێر لەدوای كاتژمێرو رۆژ لەدوای رۆژ تێدەپەڕێت، بێئەوەی گەردەلوول دامركێت و ئارامبگرێت، كابرا ئیدی لەو هەوڵدانە بێئاكامە، ماندوو ئەبێت و شوێنێك لەئەو دیوی شووشەكانی پەنجەرەی ماڵەكەیەوە، بۆ خۆی دابیندەكات و ئەكەوێتە بازنەی چاوەڕوانییەكی بێ سوودەوە.

گەردەلوول دەس هەڵگیرنابێت و ژیانی ژن و پیاو ئاڵۆزدەكات. ئامێزی ژن بەتەواوی ساردئەبێتەوەو هەموو رۆژێك سەردانی پانتۆڵی خوڵەمێشی دەكات، تا بەو شوێنەكەهەستدەكات تەمەنی ئەو پانتۆڵە ئاكامی هاتووەو ئەبێ بەجۆرێك ئەو مەرگەچارەسەر بكات. گەردەلوول بەردەوامەو كابرا لەو دیوی شووشەلێڵەكانەوە لەبازنەی چاوەڕوانییە خەمگینەكەیدا لەسووڕاندایەو ژن خۆڵەكەی پانتۆڵی خۆڵەمێشیی لەشووشەیەكی سەوزكردووەو هەموو رۆژێك دڵۆپێكی ئەسرینی بەسەدا دەبارێنێت و كابرا هەوڵئەدات ژن لەبیر بكات، بەڵام نا، ناتوانێت.

## پانتۆڵی موقه‌ده‌س(٢)

پاش ئه‌وه‌ی که‌وه‌رزی پایز ئاکامی هێنایه ژیانی پانتۆڵی موقه‌ده‌س، بێگومان که‌لێنێك که‌وته نێوان په‌یوه‌ندییه‌که‌ی ئه‌و دوو که‌سه. کابرای ئه‌و دیوی په‌نجه‌ره وه‌خته‌بوو مێشکی بته‌قێت.

دکتۆره‌کان گوتیان: ئه‌بێت پۆشته‌کانت بگۆڕی، به‌ته‌واوی هه‌موو شتێکت بگۆڕه، ره‌نگه نه‌خۆشییه‌که‌ت هی شتێکی پیس بێت و له‌توێی شته تایبه‌تییه‌کانی خۆتدا هێلانه‌ی کردبێت، وه‌کو پانتۆڵ، پێڵاو، گۆره‌وی، شانه‌ی پرچ یان هه‌ر شتێك که‌تایبه‌ت به‌خۆتبێت، بیانگۆڕه، له‌وانه‌یه خۆشه‌وه‌بیت.

کابرا وای کرد هاوڕێ له‌گه‌ڵ دوو دڵۆپ ئه‌سریندا پێڵاوه‌جوانه‌کانیشی فڕێدا.

ئه‌و پێڵاوه سپیانه‌وا ئافره‌تی دڵدار زۆر حه‌زی لێبوو، هه‌موو رۆژێك ده‌یگوت : تکایه ئاگات له‌م پێڵاوه بێت، زۆر جوانن،



ئه‌گه‌ر دڕان و ئیدی به‌که‌ڵك نه‌هاتن، ئه‌بێت بڕیار بده‌ی دیسان وێنه‌ی ئه‌م پێڵاوانه بکڕیته‌وه.

کابرا به‌خه‌م و گریانه‌وه پێڵاوه سپییه‌کانی تووڕ دایه‌ده‌رێ و خێرا په‌نجه‌ره‌که‌ی داخست، گه‌رده‌لولی بێڕه‌حم له‌ئان و ساتێکدا پێڵاوه‌سپییه جوانه‌کانی راپێچکردو له‌گه‌ڵ خۆیدا بردیانی.

ژن له‌خه‌ودا بوو و خه‌وه‌نی به‌پانتۆڵی موقه‌ده‌سه‌وه ده‌بینی.

خۆڵه موقه‌ده‌سه‌که، له‌و شووشه سه‌وزه‌دا، ببوو به‌خودای ژن، ئه‌و له‌ته‌نیشتی ئه‌و شووشه‌یه ئاوێنه‌و گوڵی وشکه‌وه‌بووی دانابوو، مۆمستانێکی پێکهێنابوو. هه‌موو رۆژێك مۆمی داده‌گیرساندو کڕنووشی بۆ شووشه سه‌وزه‌که ئه‌برد، به‌چپه‌وه له‌گه‌ڵیدا رازو نیازی ده‌کرد، کاتێکیش که‌ده‌خه‌وت، سه‌ره‌ڕای ترس و وه‌حشه‌تی به‌رانبه‌ر به‌گڤه‌گڤی گه‌رده‌لولی سامناك، به‌رده‌وام خه‌وه‌نی به‌و پانتۆڵه موقه‌ده‌سه‌وه ئه‌بینی که‌هێدی، هێدی ببوو به‌خۆڵ.

ئافرەتی خەمگین و بەتامەزرۆ، لەخەو بینینەبازنەییەکەیدا بوو کەلەپڕ زرمە لەپەنجەرەکەوە هەستایەوەوخڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ، شووشەی پەنجەرەی چێشتخانەکە دارژایە خوارەوە. ژن راچڵەکی و خێرا بەرەو چێشتخانە رایکرد. بینی کە پێڵاوەسپییەکانی پیاو، شڕو دڕاو، کەوتوونەتە چێشتخانەی ماڵەکەی ئەو، لەکاتێکدا گەردەلوولی سامناك، کەل و پەلی ماڵی هەڵڕژاندە یەکدا، ژن وەختەبوو مێشکی بتەقێت، نەیدەزانی بەرانبەر بەو رووداوەو ئەو گڤەگڤە سامناکە چی بکات، ماڵ لەڕووخاندا بوو، دەرگاو شووراو میچ، کەوتبوونە هەژان، ژن تەنیا ئەوەی لێهات کەدەستی بردو شووشە سەوزەکەی پانتۆڵی موقەدەسی هەڵگرت و پێش ئەوەی گەردەلوولی سامناك ماڵ کاول بکات، نەرم و لەسەر خۆ، لەپێڵاوەکان کەئەتکوت بێ قەرارانە چاوەڕێی ئەون، رۆیشتە پێشەوەو لەپێی کردو خۆی دایەدەم گەردەلوولەکەوە. سەیر لەوەدا بوو کە ئەو پێڵاوانە لکابوونە پێیەکانی ئافرەتەوە، لەوەدا بوو کەشوشەی شەو زلکابووە نێوان لەپی ژنەوە. ئەتگوت ئەو پێڵاوانەو ئەو شووشە سەوزە، قەت ئاگایان لەو



گەردەلوولە نەبوو، ئەڵێی هی ئەو رەهەندە نەبوون. ئافرەت بەدەم گەردەلوولەوە وەکو پەلەوەرێکی ناسك و بێ ویست، وەکو نەققاشی سەر لاپەڕەیەکی سپی لێهاتبوو. گەردەلوول بردی و بردی و کوتایە پەنجەرەی خانووەکەی کابرای دڵداریەوە. کابرا دانیشتبوو، سەری گرتبووە نێوان دوو دەستەکەی و پاڵی دابووە دیواری چێشتخانەکەوە.

گەردەلوول نەققاشی سەر لاپەڕەسپییەکەی خستە نێو چێشتخانەی ماڵ کابراوە، لەکاتێکدا جووتێك پێڵاوی سپی و شڕی لەپێدا بوو، لەحاڵێکدا شووشەیەکی سەوزی بەدەستەوەبوو.

هەندێ شوێن لەنەققاشییەکە رەنگیان گۆڕابوو.

کەژن کەوتە ئەو چێشتخانەوە، گەردەلوول ئاکامی پێهات. دنیا لەهەژان و تەکان و سام، رزگاربوو. چێشتخانە ئارامی گرت. بێدەنگ، بەڵام، کەس نەبوو کابرا پێی بڵێت ئیدی سەری ژان ناکات و کەسیش نەبوو ژن چیرۆکی ئەو شووشەیەی بۆ بگێڕێتەوە.

تەواو.

# پەیتا پەیتا ئەستێرەکان

پیاوێکی مەزن و خاوەن هزرو ژنێکی ناسك و خاوەن جوانییەکی تایبەت، لەگەڵ یەکدا دەژین و یەکتریان زۆر خۆشدەوێت، ژن سەرەڕای ناسکیی و جوانییەکەی، هەستێکی منداڵانەی زۆر بەقووەتی پێیە، پیاوی خاوەن هزرو جیدی، زۆر حەزی لەو هەستەی ژنەکەیەتی.

شەوێکیان ژن، خەونێکی عەجایەب دەبینێت، بەیانی کە لەخەو هەڵدەستێت، هەستدەکات بەنیازی یاریکردنەو پڕاوپڕە لەهەستە منداڵانەکەی، روو لەپیاو دەکات و دەڵێت: دەمەوێت یاری بکەم، پیاوەکە ژنەکەی زۆرخۆشدەوێت و لەهەست و نەستی ژنەباش تێدەگات، ئەو لەئامێز دەگرێت و ماچی دەکات و دەڵێت: قوربانت بم.. باشە، ئەمڕۆ دەتبەم بۆ دەشت و باخ یاریبکە، لەو کاتانە ئەو پیاوە بەتەمەن سی و شەش ساڵانە، هەستدەکات کچێکی بەناو و بەتەمەن پێنج ساڵانی لەئامێزدایەو لەو هەستە دەگەشێتەوە، ئەوان رۆژێ چەند جار ماچی یەکتر دەکەنەوەو لەئەوینی خۆیاندا بەردەوامن و



پێیانوایە کە ماچ، باشترین ئامرازی نەمریی مرۆڤە لەجیهاندا، پیاوی مەزن پێیوایە لەمنداڵییەوە لەماچی دایك و باوکی مەحروم بووەو لەناو ئەواندا فەرهەنگی ماچکردنەوەی منداڵ باو نەبووە، بۆیە زۆر هەست بەپیریی دەکات لەبنەماڵەکەیانداو ئێستاکە بەهۆی ئەو ژنە جوانەیەوە دەتوانێت سەرلەنوێ خۆی زیندووبکاتەوە.

ژن لەحەزو خۆشیی بڕیاڕی پیاوەکە، ئاوێزانی ئەو دەبێت و ماچی دەکات، پاشنیوەڕۆ پیاو ئۆتۆمبێلەکەی ئامادە دەکات و ئەو کورسیە وا کڕیوویەتی، لەسندووقی ماشێنەکەی دادەنێت و دەڕوات و دیسانەوە ماچی ژن دەکات و دەڵێت: وەرە بابتبەم بۆ یاری، پیاوی مەزن فێربووەکە ژنەکەی بەبۆنەی ئەو هەستە منداڵانەوەکە زۆرجار لەدەروونیدا، پەیدا دەبێت، سەرزەنشت نەکات و حەزی لەوەیە کە ژن لەو هەستە خاوێنە بەردەوامبێت، ژن کە خۆی بەباشی خەملاندووە، بەخۆشییەوە، لەماشێنەکە سەردەکەوێت و پیاو ماشێن بەڕێدەخات، پێش لەئێوارە دەگەنە باخێکی سەر سەوزو

خۆش، ژن وەکو منداڵی روح سووك و ناسك، لەماشێنەکەیان دادەبەزێت و بەرەو نێو باخەکە رادەکات.

دەموچاوی پیاوە مەزنەکە لەپێکەنین و شادییدا، دەئاخێنرێ، دەڵێت: لەهەردوو چاوی پیاودا دوو گڵۆپی گەشییان هەڵکردووە، پیاو گوریس هەڵدەگرێت و وەدووی ژندا رادەکات. ژن دارێکی بەرزی دۆزیوەتەوەو بەپێکەنینەوە هاواردەکات: وەرە حەیاتم، وەرە ئەم دارە باشە، لێرە هەڵیبخە.. پیاو وەڵامناداتەوەو لەنێوان دارەکاندا، لەگەڕاندایە، دوو گڵۆپەکەی چاوی پیاو، گەشتر بوونەتەوە، هەوا بەرەو لێڵی دەڕوات و ژن هەردارێك کە هەڵدەبژێرێت، پیاو بیانوویەکی پێدا دەپێچێنێت و هەروا لەنێوان ئەودارانە، بەدووی دارێکی بەرزو ئەستووردا دەگەڕێت، ژن ماندوو دەبێت و لەسەر زەوییەکە دادەنیشێت و بەشەکەتییەوە ئاخێ هەڵدەکێشێت. لەپڕ پیاو ئەودارەکە مەبەستییەتی، ئەدۆزێتەوە. هەوا لێڵ بووەو ژن حەزی لەتاریکایی نییەو لەئەو باخە لێڵە رادەمێنێت و تۆزێ بزەی سەرلێوی بێڕەنگ دەبێتەوە، پیاو هاواردەکات: ئەمە های.. ئەمە باشە.. و گوریس بەرەو لقی ئەستووری دار



هەڵدەفڕێنێت و هەڵۆرکێ دادەمەزرێنێت، ژن حەزی لەتاریکایی نییەو تۆزێ هەستە منداڵانەکەی رەنگ دەگۆڕێت و ترسێکی کەمڕەنگ دەکەوێتە دڵییەوە، پیاو لەو هەستە تێدەگات، بەڵام ئەو تەنیا حەزی لەهەستی یاریکردنەکەی ژنەکەیەتی و بەپێکەنینەوەو لەتەنیشتی ژن تێدەپەڕێت و دەڕوات و کۆتەکەی وا لەلقی دارێکی هەڵواسیووە دێنێت و دەیخاتە سەر هەڵۆرکەکەو رێکوپێکی دەکات، هەوا لێڵتر دەبێت و ترسی ژن زۆرتر دەکات، ژن بەرەو پیاو دەڕوات و دەستی دەگرێت و بەرەو خۆی ئەیکێشێ: ئیدی درەنگە..یاری ناکەم.. ئەمانە هەروا دانین، بەیانی دەگەڕێینەوە.. وەرە بابچین.. پیاو ئاوڕیشی لێناداتەوەو قاقا دەکێشێت و دەڵێت: هەلۆرك ئامادەیە هەناسەکەم.. وەرە.. وەرە سەرکەوەو دەستەکانی دەئالێنێتە ناو قەدی ژن و لەسەر زەوین بەرزی دەکاتەوەو لەهەلۆرکەکە سواری دەکات، ژن پێدەکێت و سەر لەنوێ هەستە منداڵانەکەی رەنگ دەگۆڕێت و حەز لەیاری و پێکەنین، جێگری ترسی چەند چرکە پێش، دەبێت.

ژن قاقا دەکێشێت و دیسانەوە منداڵ ئەبێتەوەو وەکو منداڵێکی پێنج ساڵانی لێدێت. پیاو کەشاهیدی ئەو گۆڕانە جوانەیە، زۆرتر دەگەشێتەوەو چاوەکانی وەکو گڕی دوو بۆمی مەزن لەشەماڵە دایە.** ئەو پیاوە وا زۆرترین کاتی ژانی لەدۆخێکی جیدی و مەزندا، تێدەپەڕێنێت، لەوکاتە، لەئامێزی هەستی ژنەکەیدا، بێئەوە خۆی بزانێ لەو ژن منداڵتر دەبێتەوە. بێئەوەی تێبگات وەکو منداڵێکی یەك ساڵانی لێدێت. ژن پێدەکەنێت و لەخۆشیا، دەقیژێنێت و هەراو هوورایەتی، پیاو قاقا دەکێشێت و تیشکەکانی شادی لەتەواو جەستەیەوە بڵاودەبێتەوەو بێئەوەی بزانێت چەندە منداڵ بووەتەوە، هەڵۆرکەکە بەرەو هەواوە هەڵدەفڕێنێت.

قیژەی سەرخۆشی و منداڵی ژن باخی ئاخنیووەو پیاو بەهەردوو دەستی ژن بەرەو پێش دەفڕێنێت، بەرزتر ، بەرزتر، پیاو وەکو شووشەی لێهاتووە.. بەهێزتر هەڵۆرك بەرەو بەرزایی دەفڕێنێت، هەوا تاریکەو پەیتا پەیتا ئەستێرە گەشەکانن وا بەرەو داوێنی ئاسمان، بەردەبنەوە، ئەوان ئاگایان لەخۆیان نییەو قیژەی خۆشی و مەستییان، هەناسەی



لەبوونەوەرەکانی باخ بڕیووە: بەرزتر، بەرزتر.. بەرەو ئاسمان بەرەو ئاسمان.. پیاو بەتەواوی هێزەوە هەڵۆرك دەفڕێنێت، ئەڵێی ژن، دووباڵی دەرهێناوەو دەستەکانی بەرەو پێش خۆی درێژکردووەتەوە، ئەڵێی دەیەوێ ئەستێرەیەك لەداوێنی ئاسمان هەڵبگرێت، پیاو هاوار دەکات: بەرزتر، بەرزتر، چریکەیش لەمەلێکەوە، خشە لەحەیوانێکیشەوە نایەت، ژن دەستەکانی بەرەو پێش درێژکردووەتەوە، ئەستێرە بەردینەیەك داوێنی ئاسمان کووندەکات و دەکەوێتە نێوان لەپی ژنەکەوەو ژن قامکەکانی دێنێتە یەکداو قیژەی ژان و سووتانی لێبەرزدەبێتەوە: دەستم، ئای دەستم، پیاو بەرزتر هەڵیدەفڕێنێت، دەستی ناکرێتەوەو ئەستێرە بەردینەکە لەسووتاندنی پێست و گۆشتی ناو لەپی ژندا بەردەوامە.

-دەستم..دەستم سووتا.. پیاو نوقمی جیهانی منالیی خۆیەتی و نوقمی زەریای پێکەنین و تیشکی جەستە شووشەییەکەیەتی و ئاگای لەو کارەساتانە نییە: دەستم. دەستم سووتا، بەسییە.. بەسییەتی بەسە.. پیاو بەرزتر هەڵۆرکەکە هەڵدەفڕێنێت و قامکەکانی ژن ناکرێتەوە،

ژن لەبارودۆخی پیاو تێگەیشتووەو هەرکە هەڵۆرك دەگاتە نزیك زەوینەوە، خۆی فڕێدەداتە سەر زەوییەکەو تل دەخوات و دەکەوێتە تەنیشتی نەمامێکی ناسکەوە، هەناسەی بوونەوەران بڕاوەو گوێیان بۆ ئەو هەراو هووریایە هەڵخستووە.. پیاوی نوقمی دونیای منداڵێکی یەك ساڵان، هەر لەو کارەساتە تێنەگەیشتووەو بووەتە گلۆڵەی ئاگرو تیشك و خۆشی، ژن ئەسووڕێتەوەو سەیری پیاو دەکات و ژانی ناو لەپی لەبیر ئەکاتەوەو حەپەساو سەیری ئەو منداڵە ناسك و ناحاڵییە دەکات و لەفڕاندنی هەڵۆرك بەردەوامەو نازانێت کەسی لێ سوار نییە.. بەرزتر .. ئەستێرەیەکم بۆ بچنەوە حەیاتم، ئەستێرەیەکم بۆ بدزە هەناسەکەم، لەدەورت گەڕێم، حەزت لێیە. بەرزتر، بەرزتر. ئەستێرە بەردینە، لەناو لەپی ژندا ئارامی گرتووەو ساردەوە بووەو ژن لەبیری چووەتەوە، ناو لەپی سووتاوەو لەپیاوی منداڵ راماوە، پیاو بەتەواو هێزەوە، هەلۆرکە خاڵیەکە دەفڕێنێت و خۆیشی پێوە ئاوێزان دەکات. بێئەوەی هەست بکات هەلۆرك خاڵییەو ژنە جوانەکەی داکەوتووەتە سەر زەوییەکەوە، لەکاتی فڕین بەرەو



ئەستێرەکاندا، پیاو بەقاقاوە هاواردەکات: ناسکە گیان، خۆشە؟ حەزت لێیە؟ سەیری ئەو ئەستێرەیە بکە؟ ئەو ئەستێرە، ئەوە، ئەو.. ژن ئیدی دەنگی پیاو نابیستێ و هەڵۆرك و پیاو ئیدی ناگەڕێنەوەو قامکەکانی ژن دەکرێتەوەو لەنێوان زام و سووتاندا، ئەستێرە بەردینە دادەکەوێتە سەر زەوییەکەو ئیدی هەڵۆرك و پیاو ناگەڕێنەوە، پەیتا پەیتا، هەستی منداڵانە لەژندا رەنگ دەگۆڕێت و ترسێکی رەش و تۆخ جێگری هەستی یاری و پێکەنینەکە دەبێت و هەڵۆرك ناگەڕێتەوەو ژن لەو باخە لەگەڵ هەستێکی پێنج ساڵانەدا، بەردەوام تەنیایە.

تەواو

# دڵی موقەدەس(١)

پیاوێك لەجیاتی دەقیقەیەك ٧٢جار، ١٤٤جار دڵی لێدەدات.

لێدانی ئەو دڵە وای لێکردووە، ناتوانی هیچ بخوات، نە ئاوی بۆ دەخورێتەوەو نە نان لەقورگی دەچێتەخوارێ. کەدەخەوێت کاتــژمێرێك ٢٠ جــار لەخـــەو رادەچـــەڵەکێت. کەهـــەنگاو هەڵـدەگرێت، هەناسـەلێدانی لـێ دەبێتـە بـەرزکردنی چـیای ئاگرینـــەوە. تەنانـــەت لـــەکاتی گـــوێگرتن لەمووســـیقایەکی جـوانیش، ئـەو دڵـە لەلێدانـە خێراکـەی دەسـتهەڵناگرێت. ئـەو هەسـتدەکات مووسیقا جوانەکـە لـەتاو زرم و کـوتی دڵـی ئـەم بەرەو سازەکەی هەڵدەگەڕێتەوە.

لەڕاستیدا ژیانێکی زۆر ئاستەمی هەیـە ئـەم کابرایـە. سـەیر لەوەدایـە کـەدەواو دەرمـان هـیچ قـازانجێکی تێدا نییـەو ئـەو کابرایە لەئەو بارودۆخەناکوکە رزگار نابێت.

دڵ دەسەڵاتی هـەموو شـتێکی لەئـەو سـەندووەتەوە، بـەڵام کابراش لەئەمە تێگەیشتووە کەئـەم بارودۆخـەی ئـەو ئاسـایی نییەو نهێنییێك لەکاردایە.



ئەو چاکی لێدەزانێت گرێکۆنی ئەم گرفتە لەکامەشـوێندایەو بۆ وای بەسەرهاتووە، بەڵام خـۆی لـێ گێـل دەکـات و نایخاتـە خــۆی و لەڕاســتیدا لــەکاروباری ئــەو دڵــەی خــۆی ســەری سووڕماوەو ناتوانێ لەگەڵ ئەم حەقیقەتەدا خـۆی بگونجێنێـت، کەچــون ئــەبێت دڵــی مــرۆۋ بــەمجۆرە لەگــەڵ خاونەکەیــدا هەڵسووکەوت بکات و تەنانەت ویستی خواردن و خەوتنیشی لێ بسێنێت.

ئێـستا کــابرا لەژوورێکــدا راکــشاوەو هەوڵئــەدات تــۆزێ بحەوێتــەوە. ئێـرە ژووری تایبـەت بەئـەو نییـە. لەبـەر هەنـدێ شت، ژیانی ئاڵۆز بووەو ئەم لەماڵ و بەگشتی لەشـار راونـراوە، بۆیەئێرە بەژووری خۆی نازانێت و ژووری نەهامەتی ناو لێناوە.

کـابرا هەوڵئــەدات تـۆزێ بخـەوێت، چـەند بەتامـەزرۆی یـەك کاتــژمێر خــەوە، یــان خــواردنی قاشــێکی شــووتی لــەکاتی سەیرکردنی کابرایەك کەلەپەسا لەکەرەکـەی دادەکـەوێت، هـەر دادەکـەوێت و لـەقاقای پێکـەنین دانێکـی بـەرزو شـیرین، یـان گــوێگرتن لــەدەنگی کــچێکی ناســك و جــوان، بێئــەوەی دڵــی

ئاڵۆزبێت و هەست بەخنكان بكات، بەڵام ئەم دڵەی ئەو وازناهێنێت.

لەپڕ هەستدەكات لێدانی دڵ دووقات ئەبێتەوە. هەستی خنكان و هەراو هووریاو ئاڵۆزییە دەروونییەكەی، لەڕادەبەدەر ئەبێت و تەنانەت ناتوانێت هاواریش بكات، ئاخ خ خ چەند بەتامەزرۆی ژیانە نەگبەتییەكەی پێشوویەتی كە ناوی لێنابوو ژیانی ئاڵوز. لەم كاتەدا تەنانەت ویستی هاواریشی لێوەردەگیردرێت، هەست بەهەبوونی كەسێك دەكات، پێیوایە كەسێكی نەگریس لەوێدایە، بەڵام ئەو دڵە، ئاخ خ خ لەئەو دڵە، وایلێكردووە كە ئەگەر لەئاسمانیشەوە، خەڵك بباریێتەسەر سەریدا، ناتوانێت بیریان لێبكاتەوەو بیانبینێت، نا، وا نابێت، هەستدەكات دڵ لەگەڵ ئەمدا دوژمنایەتی دەكات، با، وایە دوژمنیەتی، ئەو بۆ ماوەی چاوتروكانێك دەكەوێتە گێژاوی هەستی دوژمنایەتی خۆی و دڵی، دەكەوێتەبازنەی خوتەو بۆڵەی دەروونییەوەو قەت لەوە تێناگات چۆنچۆنی دڵی لەسنگی دەردێت و ئەو رزگار ئەبێت. كابرا بەترسەوە سەیری سنگەئاوەڵاكەی دەكات و بڕوای بەو كارەساتە نییە،



بەوەحشەتێكی لەڕادەبەدەر لەدڵی دەگەڕێت، دڵ نییە، تەنیا هەست بەهەبوونی تارماییەك دەكات كەنەرم، لەكەلێنی دەرگای ژووری نەهامەتییەوە خۆی دەخزێنێتە دەرەوە. بۆ چەند دەقیقەیەك كابرای كارەسات لێدراو، مت و بێدەنگ، لەهیچ، رادەمێنێت، پاشان، ئاسوودەو لەسەرخۆ، هەڵدەستێت و بێ هێچ ئاسەوارێك لەترسە لەڕادەبەدەرەكەی چەن دەقیقەی پێش، خۆی لەژووری نەهامەتی رزگاردەكات و بەرەوشوێنێكی دیاریكراو ئەڕوات. یەكەم شتێك كەبیری لێدەكاتەوە، خەیاڵی سێكسێكی لەزەتبەخشە لەگەڵ ئافرەتێكدا. بۆ یەكەمین سێكسی پاش خۆشەوەبوونی،، ئەو،، بەباشتر دەزانێت، بەڵام لەبیرەوەرییە تاڵەكەی سەبارەت بەڕاو لێ نانی لەماڵ، بەدەستی، ئەو، سنگی پڕ ئەبێت لەڕق و قین. دەستێك بۆ ناو گەڵی ئەبات و ئەو دەستەكەشی دەخاتەسەر سنگی و خێراتر دەڕوات.

## دڵی موفقەدەس(٢)

ئەم جێژوانە، دەمێکەچۆڵبووە. کەس ئیدی بیر لەم جۆرە شوێنانە ناکاتەوە بۆ ژوانگەی خۆی و دڵدارەکەی. هەموو ڕۆژێك پیرێژنێکی پرچ شۆڕوسپی لەکاتی تاریکاندا، لەیەکەمین کاتەکانی پاش خۆرئاوا، بۆ کاتژمێرێك دێتە ئەم شەقامەوە.لەژێر لق و پۆپی ئەم دارەسووتاوە رادەوەستێت و سەیری ئەو سەری شەقام دەکات.

سەیرە، سەرەڕای ئەوەی کەئەم ئافرەتە زۆر بەتەمەن دیارە، بەڵام دەمووچاوی لەچەشنی ئافرەتێکی ٣٠ ساڵان ئەکات و خاوەن جوانییەکی بێهاوتایە. ئەو دایمە بەپەلەدێت و تا ئاخرین سات لەدرێژەی ئەو یەك کاتژمێرە، بەحەزەوە لەئەو سەری شەقام رادەمێنێت، کەکاتی رۆیشتن دەگات، لەپڕ، لەئەو سەری شەقام، قیژەو هەرای ئافرەتێك بەرزئەبێتەوە، ئافرەت سەرو پێپەتی و پرچ ئالۆزو جل و بەرگ دادڕاو، خۆی دەخاتەنێوان شەقامەوە، پیاوێکی باڵا بەرز لەکاتێکدا چەقۆیەکی زلی بەدەستەوەیە، بەشوێن ژندا هەنگاو



هەڵدەگرێت، ئەو قەت راناکات، لەسەرخۆو لەحاڵێکدا دەستەی چەقۆکە لەناو لەپیدا دەگووشێت، هەنگاو هەڵدەگرێت و لەژنی ئالۆز، راماوە، کابرا چەند هەنگاوێکی ماوە کەبگاتە ژن، تاکسییێك لەدوورەوە دەگات. ژن لەناخەوە دەقیژێنێت، شۆفێری تاکسی رادەوەستێت و ژن خۆی توڕدەداتە نێوان تاکسی و کابرا لێدەخوڕێت، پیاو دەنەڕێنێت، تاکسی بۆ یەك چرکە تورمۆز دەکات، بەڵام قیژەی ژن گوێ ئاسمان کەڕ دەکات و شۆفێر لێدەخوڕێت، کابرا لەنێوان شەقامدا بەتەنێ دەمێنێتەوە.

هەموو ئێوارەیەك پیرێژنی گەنج و جوان، ئەبێتە سەیرکەری ئەم شانۆیەو سەیر لەوەدایە تەنیا سەیرکەری ئەم شانۆیە، خودی پیرێژنە، تەنانەت بۆ یەك جاریش کەسێك لەو کاتە لەوێ تێناپەڕێت و سەری پیرێژنیش هیچکات لەوە سوورنامێنێت کە بۆچی خۆی تەنیا تەماشاچی ئەو شانۆیەیە.

پاش ڕوودانی ئەم کارەساتە بازنەییە، پیرێژن خێرا خۆی کۆ دەکاتەوەو لەوێ دەڕاوت.

## دڵی موقەدەس (٣)

دەنگی پرمەپرمی گریانی کەسێك دێتە گوێ. ئەڵێم: ئەبێ کێ بێت وا بەخەمەوە دەگریت؟

تۆئاوڕم لێدەدەیتەوە: چووزانم کێیە، دەنگی...سەیرە،، چووزانم.

سەیرت دەکەم : واتە تۆ دەنگی گریانی پیاو نەدەناسی؟ هاااا؟ پیاو؟: کورەلاوە، پیاو، کەی دەگریت، پیاو ناوچەوانی گرژە، تووڕەیە، لێمان ئەدات، ئەوەکەی پیاوە؟

: نەحەیاتم ئەوەپیاوێکە وا دەگریت.

پێکەوە بەرەو تارمایییەکە ئەڕۆین.

: هێی.. ئەتۆ کێیت؟ لێرە چ دەکەیت؟

وەڵامێکی نییە.

: دەبڵێ...دەردت چییە؟

لێی نزیك ئەبینەوە

:هۆی....

تۆ ترساوی: ئای لەم ترسەی تۆ، بۆگەنی ئەم ترسە ئاخرەکەی خۆت و منیش دەکوژێت.



: بۆگەن؟ مەگەر ترس بۆگەنی هەیە؟

دەنگی گریانەکەمان لێون ئەبێت. دەگۆڕدرێت: با، گریانە، بەڵام جۆرێکی لێهاتووە.

تارماییەکەشمان لێونبووە.

: کەی ڕۆیشتی تارمایی؟....ئەمە بۆ وایلێهات.

دەنگی گریانێکی سەیرمان دێتە گوێ، بەڵام کەس لێرەدا نیە تابزانین دەردی چییە، تۆ دیسان لەڕادەبەدەر دەترسیت.

:ترسنۆك،

دەقیژێنیت.

:چی لێهات، چی بوو، دەترسم، وای....

دەمێکە هەموو شتێك ون ئەبێت، نازانم بۆ شتە ونبووەکانی ئەم وڵاتە لەماڵی مندا ئەدۆزرێنەوە. ئەم ئێوارەیە تۆشم لێونبوویت و ئێستاکە گەڕاومەتەوە بۆ ماڵ، هەر کەکلیل دەخەمە قفڵی دەرگای حەوشەوە، دەنگی پرمەپرمی گریانەکەی ئێوارەم دێتەگوێدا. با، ئەمیش لێرەیەو دیارەخۆی گەیاندووەتە ماڵی من، ماڵی من؟ نااا ماڵ نا، باشترەبڵێم شوێنی من. ماڵ شوێنێکی تایبەتە، بەڵام لێرە هەموو شتێك هەیەو تایبەت بەمن نییە.

ئێستا من لەم شوێنگەیە خاوەنی زۆر شتم، یان باشترەبڵێم زۆر کەس، بەڵام هێشتا نازانم ئەم گریانە بێخاوەنە چۆن خۆی گەیاندووەتە ماڵی من؟، ئەبێ لەئەمیش تێبگەم، گریان، ئای ی ی..بەئەسپایی دەڕۆمە ژوورەوە.

بڕوا ناکەم، ئەمەخۆتی حەیاتم؟ خۆ من تاوێك نییە تۆم بەجێهێشتووە، ترسابووێت لەدەنگی ئەو گریانە ترسابوویت و لەپڕ لێم ونبوویت، هەی هوووووو، ئاخر ئەمە چۆن ئەبێت، واتە ئەو تارمایەخۆت بوویت کەدەگریا؟ دەی چۆن ئەبێت ؟ مەگەر تۆ لەگەڵ مندا نەبوویت؟ چۆن نەچوومەسەری ئەو دەنگەنێرە، ئەو گریانە پیاوانەیە، دەنگی خۆت بوو؟ هاااااا، چۆن نەمزانی، ئەهاااا، مەبەستت ئەوەیە کەبڵی ئەو گریانەی تۆ هی کاتێکی تر بووە؟ تۆ لەوێدا خەزنتکردبوو؟ تا من ببەیتەسەری؟ بەمشێوازە ئەتەویست بڵی تۆ خاوەن خەمێکی مەزەن و کۆنی؟ هاااا؟ وای ی ی ی ؟ بەسیە،،، بەسیەئیدی گریان بەسە، تۆش...ئێستا،، با،، من هێدی هێدی خەریکم لەتۆش تێدەگەم، با حەیاتم، وا دیارە تۆ قسەی زۆرت پێبووەو من نەمزانیووە، باشەمن لەتۆش گوێدەگرم، بڵێ،، بڵێ.



## دڵی موققەدەس(٤)

داواتان لێدەکەم لەم شەوە زیوینەدا، پێکەوە پیاسەیێك بکەین، بەڵکو پەیڤێکی خۆشمان هەبێت.

: پەیڤ واتەچی؟

: پەیڤ واتە دواندنی چەند کەس پێکەوە.

: ئەڵێم، ئایا هەموو پەیڤەکان لەشەوێکی زیویندا ڕووئەدەن؟

: نا، وانییە لەوانەیە پەیڤین لەشەو دابێت یان ڕۆژ، شەوێکی زیوین بێت یان شەوەزەنگ بێت، یان ڕۆژێکی هەتاوی و لەوانەیە ئەو پەیڤە لەڕۆژێکی تەماویشدا ڕووبدات، باشە ئەم پرسیارانە بۆ چییە؟

: بۆ ئەوەیە من زۆر ترسنۆکم، کە پرسیاردەکەم ترسەکەم لەبیرئەچێتەوە.

: کەوایە منیش هەوڵئەدەم ئەو ترسەی تۆ لەبیرت ببەمەوە، کەوایە پرسیارێکت لێدەکەم، ئامادەی حەیاتم؟

:ئەی چۆن حەزم لێیە، پرسیارم لێ بکەی.

:باشه‌گیانه‌که‌م ئه‌و ده‌نگه‌ی تۆ بۆ وا نێره‌؟، تۆ ئافره‌تێکی به‌م جوانییه‌، بۆ وا ده‌نگت نێره‌، سه‌یر.. سه‌یر چۆن ده‌گریت، یان باشتره‌بڵێم ده‌گریای، باشب وو گریانه‌که‌مان له‌ماڵدا به‌جێهێشت وا نییه‌؟

: با، وایه‌ چاکمان کرد به‌جێمان هێشت، به‌ڵام هێشتا هه‌ر ترسه‌که‌م له‌گه‌ڵدایه‌.

: باشتره‌ باسی نه‌که‌ی، ئه‌ی خه‌ریك نین به‌مجۆره‌ ئه‌و ترسه‌ له‌تۆ دوورده‌خه‌ینه‌وه‌؟ ئه‌ی خۆت نه‌تگوت به‌پرسیارکردن له‌وانه‌یه‌ هه‌ر نه‌مێنێت ئه‌و ترسه‌ نه‌گبه‌ته‌؟

: با وایه‌، ده‌ی پرسیارم لێبکه‌.

: که‌وایه‌ وه‌ڵام بده‌ره‌وه‌، ئه‌ڵێم ئه‌و ده‌نگه‌ی تۆ بۆ وا نێره‌؟

: ئه‌و کاته‌ ملمی بڕی قورگیشم برینی تێکه‌وت، ئه‌و برینه‌ له‌سه‌ر ده‌نگیشم کاری کردو ده‌نگم نێر بوو.

: ئه‌هاااااا، ده‌ی باشه‌ دووه‌مین پرسیار، ئه‌تۆۆۆ، ده‌زانی ئه‌مشه‌وه‌ له‌کاتی پیاسه‌کردنماندا به‌ره‌وکوێ ده‌چین؟

: با، ده‌زانم به‌ره‌و شه‌قامه‌که‌.

: باششششه‌، که‌وایه‌ ده‌زانی له‌وێ کێ له‌چاوه‌ڕوانیماندایه‌، ده‌زانی؟



: با، ئه‌و.

: زۆۆۆر باشه‌، تۆۆۆۆۆۆۆ ده‌زانی ئه‌و کێیه‌؟ ها؟ ده‌زانی؟

: نا، هێشتاکه‌ بۆم ناچێته‌سه‌ر یه‌ك ئه‌و کێیه‌، له‌وانه‌یه‌ بیناسم، به‌ڵام بۆم ناچێته‌ سه‌ریه‌ك ئه‌و کێیه‌.

: باشه‌حه‌یاتم باشه‌جاریَ پێویست ناکات بزانی،،،، ....ئێستا نه‌ وره‌ی تۆیه‌، تۆش ده‌ترسیت؟ نه‌ك تۆش وه‌کو ئه‌مت لێ هاتووه‌؟ها؟ترساوی؟

: نا من وانیم، که‌لێم ده‌پرسێن ترس دامده‌گرێت، بێده‌نگیم زۆرتر پێخۆشه‌.

: نا، بێده‌نگیش باش نییه‌، شه‌رت ترس یان نه‌ترسین نییه‌، شه‌رت ئه‌وه‌یه‌ له‌کاتی پیاسه‌که‌ماندا پێکه‌وه‌بدوێین، وا باشتره‌؟

: با، وا باشتر، به‌ڵام ده‌مێکه‌ نه‌هاتووینه‌ته‌ پیاسه‌ی شه‌وانه‌، زۆرم پێخۆش نییه‌ ئه‌م بێده‌نگییه‌ بشکێنم.

: نا، ده‌یشکێنی، بڕیارِ ده‌ده‌م تۆش ئه‌مشه‌و ئه‌م بێده‌نگییه‌ ده‌شکێنیت، که‌وایه‌ له‌تۆش پرسیار ده‌که‌م، هااا؟ پێتخۆشه‌؟

:پێمخۆش نییه‌، به‌ڵام چارم نییه‌، ده‌ی پرسیارم لێبکه‌، به‌ڵام زۆرم لێ شۆڕ مه‌به‌وه‌.

:یەکەمین پرسیار، تۆ چیت؟ یان باشترە بڵێم تۆ کێیت؟ لێرە چ دەکەی؟ بۆ بەباشی دیارنیت؟

:وی ی ی، ئەمە خۆ چەندین پرسیارت لەمن پرسی، من ئەڵێم زۆرم لێ مەپرسە، کەچی تۆ پێکەوە لێم دەپرسی.

: بڵێ، دەی، بڵێ کات نەماوە، درەنگە.

:من، نەدەزانم لەڕاستیدا کێم، خۆمیش نەدەزانم، تەنیا ئەوەدەزانم تۆزێك لە،،، نا، نا، لەڕاستیدا من نەدەزانم کێم.

: باشە، کەوایە، پرسیارێکی دی، بۆ خوێنین و زامدار دیاری؟

:کاتێ هات، ئەو ئەڵێم، لەئامێزی یەکدا بووین، دەممان لەنێو دەمی یەکدا بوو، هەستمان نەبەکات دەکرد نەبەهیچ شتێکی تر، ئۆفففففف چ سێکسێکی لەزەتبەخشمان تاقیدەکردەوە، پێموایە هەردووکمان یەکەمین ئەزموونمان بوو، تازەتێگەیشتبووین سێکس چییە، ئەو جۆرەسێکسەمان تا ئەو کاتە تاقینەکردبووەوە، ئەو هات، هاتەسەر سەرمان، وەکو چۆلەکە لەئامێزی یەکدا دەلەرزاین، ئەو چەقۆیە، ئای ی ی، لەو باڵە وا ئەو چەقۆیەی راوەشاند، ئاخخخخ، لەچاو تروکانێکدا ملی ئەوی قرتاندو دڵی منی لەسنگم دەرهێناو



ئاگرێکی کردەوە، مەزەن، سەیرمان دەکرد، دەس لەنێوان دەستی یەك، سەیری تیشکەکانی قین و رقی ئەومان دەکرد کە لەشەماڵی ئاگرەکە بەرزتر بڵێسەی ئەساند، دڵی من لەنێوان لەپی ئەودا بوو و خۆم لەتەنیشتی دا، دڵی منی لەت لەت کردو لەشیشی داو لەسەر ئەو ئاگرە کەبابی کردو خواردی، هەر کەخواردی دڵێ هاتە لەرزین و لێدان، تا ئەو رادەیە کە لەپڕ هاواری لێبەرزبووەوە، من خەڵتانی خوێن بووم و دڵی من لەژێر ددانەکانی، خەریکی نەخۆش خستنی دڵی ئەو بوو، کەبابی دڵی منی خواردو دووچاری نەخۆشیی دڵ بوو، ژیانی لێ تاڵ بوو.

:سێیەمین پرسیار، کە وایە لەواقعیدا دڵی ئەو هی تۆیە، وا نییە؟

:با، بەڵام ئیدی بەکەڵکم نایا، دلم بۆ چییە، ئەم ژیانەم پێخۆشترە.

:نا، نا، حەیاتم تۆ...، گەیشتین، ئیدی درێژە بەقسەکانم نادەم و دەیبڕێنمەوە، ئەوەسا گەیشتین.

## دڵی موقه‌ده‌س ( ٥ )

تاکوو ئێستا من چه‌ن دانه له‌دانه‌کانی ئه‌م زنجیره ونبووه‌م دۆزیوه‌ته‌وه، هیوادارم به‌ڕێکوپێکی بتوانم بیانخه‌مه سه‌ر یه‌ك ریز.



## دڵی موقه‌ده‌س ( ٦ )

: ئێره، ژووانگه‌ی دوو که‌س بووه، نازانم ئاگاتان لێیه یان نا؟ تاکو ئێستا له‌باره‌ی ئێره‌وه شتێکتان بیستووه؟

: نا من شتێکم له‌مباره‌یه‌وه نه‌بیستووه.

: منیش هه‌ر وه‌ها، هیچی لیٚ نازانم.

: که‌وایه ئه‌بیٚ من بۆتانی باسبکه‌م، به‌ڵام پێویست ناکات، ئه‌و ئێستا خۆی دێت و هه‌مووشتێك به‌چاوانی خۆتان ده‌بینن و به‌گوێی خۆتان ده‌بیستن، به‌ڵام باشتره تاکو ئه‌و دێت، خۆمان درێژه به‌قسه‌کانمان بده‌ین و نه‌هێڵین ئه‌م په‌یڤه زیوینه‌مان ببڕێته‌وه.

: تکایه‌بیبڕیته‌وه، من هه‌ست به‌ماندوویه‌تی ده‌که‌م.

: نا، نابێت، ئه‌بیٚ له‌په‌یڤیندا به‌رده‌وامبین، ئه‌گینا من دیسان ده‌گه‌ڕێمه‌وه بازنه‌ی ترسه‌که‌م، حه‌زت لێیه بترسم ؟ هاااا؟ حه‌زت لێیه؟

:نا، نا مەترسە، کەوایە من ماندوویەتییەکەم لەبیر ئەبەمەوەو لەپەیڤیندا بەردەوام ئەبم، تەنیا لەبەر حورمەتی تۆۆۆۆ.

:زۆر باشە، کەوایە هەردووکتان هاتوونەتەسەر ئەم رایەکە بەردەوام بین، باشە، لەوێدا بووین کەتۆ گوتت ئیدی حەزت لەو دڵە نییەو ئەم ژیانەت پێباشترە، وایە؟

: با، وایە.

: کەوایە پرسیارێك لەتۆ دەکەم، تۆ بۆ حەزت لەئەو نەدەکرد؟ بۆ؟ مەگەر ئەو لەگەڵ ئەمدا چ جیاوزییەکیان هەبوو؟ هەردووکیان مەگەر مێرد نەبوون؟ هاا؟ ئەو عەشقە بۆ لەبارەی ئەوەوە ببوو بەنەفرەت؟

: جیاوازی زۆری تێدا بوو.

: باشە باسم بۆ بکە.

: باسی چی؟ حەزت لێیە من توورەبکەییییییی؟ هاااا؟ حەزت لێیە؟

: بڵێ، دەی بڵێ، ئەبێت بیدرکێنیت ئەو نهێنیانە، تکایە باسی بکەی.



: باسییی چیییی، باسییی ئەو داخوازەییە ناشرینانەی بکەم؟ باسی ئەو سێکسە چەپەڵانەی بکەم کەبەردەوام حەزی لێبوو؟ هاا؟ باسی ئەوەبکەم ئەگەر نەمهێشتبایە ئەو بتڵەم تێببڕێت، لێمی دەدا،؟ هاا؟ باسی ئەوکەل و پەلانەبکەم کە بەردەوام لەنەخۆشییە جنسییەکەیدا تێمی دەبڕی؟ بەردەوام، لەکاتی شەواندا، لەماڵ دەگەڕام و ئەو ئامرازانە وا لێیان دەترسام و ئازاری گیانمیان دابوو، کۆمەدەکردەوە، دەبوایە شانۆیەکی سێکسیم لەگەڵیدا بەڕێبخستبایە، دەبوایە هەستی بکردایە حەزم لێیە، لەوشتانە کە ئەی هێناو لەمنی دەبڕی حەزم بکردایێ، نا، نا، رقم لێبوو، زۆررر، لێی دەترسام، ئەگەر بمگوتبایە نە، لێمی دەدا، بەشەق، بەچەقۆ، لێم بەر ئەبووو، بڕوا بکە، بڕڕڕوا بکە، گەلێك نادرووس بوو، حەزی دەکرد لەچەپڵیەکانم بخوات و پاشان دەمی بخستایەتە نێو دەممەوە، چەن پیس بوو کەئەو ئیشانەی دەکرد، ئای ی چەند ماندووبووم لەو ئیشە نەخۆشانەی، لەبرساندا دەی کوشتم ئەگەر بمگوتایە نا، تێدەگەی، سەرگەردانی قرانێك دەبووم ئەگەر بمگوتایە ناا، تێدەگەی سەگباب؟ هاا؟ ئەتەویست

ئەمانە ببیسی؟؟ هاااا؟ حەزت لێیە ئەمانەت بۆ بگێڕمەوە؟ هاااا؟

: مەگری، مەگری حەیاتم، بڵێ، دەی بڵێ درێژە بەقسەکانت بدەرێ.

: لەکاتی پیاسەی ئێواراندا چاوم پێکەوت، خەمگینانە دەڕۆیشتم، لێم نزیکبووەوە، سەلامی لێکردم، وەڵامم نەدایەوە، بەهێواشی گوتی چەند جوان و خەمگینی، گوتم دەلاوە سەگباب وازملێبێنە، گوتی بڕوا بکە دەمێکە حەیرانتم، لەئێواراندا بەردەوام چاوم لەم ڕێگایە کە لەدوورەوەبیت، هەموو رۆژێك چاوەڕێتم، چەند دەنگی جوان و میهرەبان بوو، هەموو رۆژێك ئەگەر لەئاسمانیشەوە گوللە بارییا، دەڕۆیشتم لەهەمانکاتداو لەهەمان شەقامدا، لەژێر هەمان داردا کە ئەوسەگە ئاخرەکەی گڕی داو سووتاندی، با لەژێر هەمان داردا، چاوەڕێم بوو، دەمێکە بەحەیرانتم حەیاتم، ئای ی ی ی چەند حەزم لەو وشەیە بوو، هاتە ماڵم لەکاتێکدا وەکو چۆلەکە لەئامێزیدا دەلەرزام، پێکەوە دەترساین، بەڵام ئەو لەبەر خاتری من دەنگی ترسەکەی لەناخەوە دەخنکاندو هەوڵی دەدا



بەبێدەنگییەو چپەعاشقانەکانی ئارامیم پێببەخشێت، کەئەم بەدزییەوە دەهات، شەوان بەڕووی گەشەوە، بۆ ئەو دەوەستام تاکو هەرشتێکی حەز لێبوو بەسەرمدا بهێنێت، بەهەر شێوازێك کەحەزی لێبوو لەگەڵیدا رادەهاتم و هیچم نەدەگوت، شەوانی شانۆی سێکس، کە ئەمدەهات، گەرم و گوڕتر بۆ ئەو بەڕێوەدەچوو، تا ئەو رادەیە کەلێم کەوتە گومانەوە، نان نەبوو بیخۆم، ئەم تێری دەکردم و بەچپەعاشقانەکانی روومەتمی گەشتر دەکرد، پارەنەبوو ژیانی پێ بەڕێوەببەم، ئەم هەموو شتێکی بۆ دەکردم، خۆشەویستییە گەرم و لەڕادەبەدەرەکەمان ئەو ژیانە پیسەی لەپێش چاوانم شیرین کردبوو، لەئاکامدا کەوتینە داویەوە، فریوی داین، هاتەسەر سەرمان، لەکاتێکدا لەئامێزی یەکدابووین، رووت و قووت لەگێژاوی عەشق و شەهوەتی یەکدا گەوزا بووین، هات و چەقۆی لەناوشانی ئەوڕاوەشاند و پاشان چەقۆی لەملی من ناو قرتاندی و بێ ئەوە کات لەدەس بدات، وەکو شێتەکان، بێ ئەوەی سەیری ئەوەبکات کە کردبووی، وەکو سەر لێشێواوەکان، بێئەوەی لەو کارەساتە تێبگات، خێرا تەلەفۆنی

بۆ دڵدارەکەی کردو پێکەوە دڵی ئەویان لەشیش داو خواردیان، خواردیان ئەو دڵە وا دڵداری من بوو، بەقاقاو ماچ و مووچەوە خواردیان ئەو دڵە وا میهرەبانی من بوو.

:ئای ی ی، حەیاتم چ نهێنییەك لەو دڵە بچکۆلانەتدا حەشاردرابوو، ئاخر چۆن من نەمزانی بوو، وای ی ی ی.....

:کەوایە با من درێژە بەچیرۆکەکەی ئەو بدەم، چیرۆك لێرەدا ئاکامی نەهات، کەملی ئەمی قرتاند، سوێندم خوارد وازیان لێ نەهێنم، گوێم لێبوو دڵدارەکەی گوتی دڵی ئەویش دەربێنەو تۆڵەی خۆت لەئەویش بکەرەوە، ئەو بێدەنگ چەقۆی هەڵگرت و لەسەر سنگی ئەمی نا، بەڵام دەستی هاتە هەژان، نەیتوانی، دڵدارەکەی بەپەلە چەقۆی لێ ساندو گوتی واتکردووە وا خەیانەتی لێت کرد، ئاخر وا بوویت وا ئەم رۆژەی بەسەرتدا هێنا، تۆی بەئەو هەموو دەسەڵات و ماڵ و سامانە، بەئەم سواڵکەرە فرۆشت، خەتای خۆت بوو، خۆت واتلێکردو بەبێ رەحمییەوە دڵی ئەویشیان لەسنگی دەرهێنا، ئەو دڵە وا



عاشقی من بوو، ئەو دڵە وا بۆ منی لێدەدا، خواردیان ئەو دڵەناسکە، دڵەعاشقە کانی ئێمەئاخ خ خ خ.......

:نا، نا، مەترسە، نا، لەوانەیە ئەم بەهەڵەدا چووبێت، نا، مەترسە، مەقیژێنە، نا، لەوانەیە تۆ هێشتا دڵت لەجێگەی خۆیدا مابێتەوە، نا،،،، تکایە، تکایە مەقیژێنەو ئارامی ئەم شەقامە تەماوییە مەشێوێنە، هات، ئەوە هات، بێدەنگ، بێدەنگ، تکایە بێدەنگ بن، ئەوە ئەو هات، سەیری کەن، سەیر، سەیر چۆن دێت لەدوورەوە دێت، سەیری کەن چەن جوانە ئەو قرژانگە کۆنە، بەری کوڕی پازدە ساڵانیشی بۆ هەڵدەستێتەوە، بێدەنگ بن و تەنیا سەیری کەن، سەیر، چەند جوان و لەهەمانکاتدا پیریشە، سەیر.....

## دڵی موقەدەس ( ٧ )

کێ ئەڵێ تۆ بێڕەحمی حەیاتم؟ کێ، ها.....؟پیشانم بدە تاکو زمانی لەبنەوە بقرتێنم. کێ ئەڵێ تۆ فریوکاری؟ ها.....؟ دەی بڵێ، تکایە، رجاتلێدەکەم پیشانم بدە با چاوەکانی بەپەنجەکانم لەکاسەچەشەکانیدا دەرهێنم. کێ ئەڵێ تۆ دڵت نییە، درۆزنی، تۆ بێشەرم و بێحەیاو دوڕوویی؟ ها....؟بڵێ، بڵێ تاکو هەر بیکوژم، دەی بڵێ.

دوێنەشەو تۆم کوشت حەیاتم، بەتەواوی تۆم کوشت.



## دڵی موقەدەس( ٨ )

دیمەن، هات، دیمەن، ئەو قەڵتاخە کۆنەی روومەت قەحبەئاسایە، لەدوورەوە هات، سەیرکەن، سەیری ئەو کۆنە پیرەکەن وا بەری کوڕە پازدە ساڵانەکانیشی بۆ بەرزەوە ئەبێت، ئەو سیحرکارەی کۆنەجنەیە وا خەلکی یاخی بەدەستی ئەو دەدرانە داوی حکوومەتییەکاندا، ئەو فێڵبازە وا بەهۆی گانەکانییەوە، هەموو رێگایەك بۆ خۆی ئاوەڵا دەکات.

گان، مەزەنترین شمشێری ئەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، کێ بیری دەکردەوە دیمەن وایلێدەرچێت و ببێتە مەترسییەك بۆ گیانی خەڵکی یاخی، ئاخر ئەو کەی سەری لەم باسانە دەردەکرد، ئەو قەحبەیەك بوو کەسەردەمانێك ئەڵێن ئیشێکی زۆر نەگریسی کرد بوو، ئەڵێن، لەپێناوی ئەو ئیشە نەگریسەوە بووە کەتووشی ئەو بارودۆخە نائاساییە هاتووە، ئەڵێن کەسێك نەفرینی کردووە، کەس نازانێت ئەو چی کردو چی بەسەردا هات، بەڵام پاش ئەو ئیشەنە گریسە، دیمەن گۆڕدراو سەری لەئامێزی

حکوومەتییەکاندا دەرهێنا، ئەمە دیمەنە، کەس لەسیحری ئەو بەرانبەر بەخەڵك تێناگات، لەم سەرە پیریەو لەم تەمەنەدا، خاوەن جوانییەکی بێهاوتایە. ئەم جوانییە ئاسایی نییە، ئەڵێن لەبەر ئەو نەفرینەبووە وا ئەم جوانییە شوومە داوێنگیری بووە، سەیرمکەن بزانم، ئایا کەستان تاکو ئێستا ئەم ئافرەتە سیحر کارەتان بینیووە؟ دەیناسن؟ یان هیچ نەبێت لەبارەیەوە شتێکتان بیستووە؟ دەزانن ئەو چی کرد وا ئەمانەهات بەسەریدا؟ ئەوە چ پەنێك بوو وا دیمەنی وا لێکرد، پشتی لەخەڵکی شار کردو ببووە دوژمنی هەمووان؟ هاا!؟ کەستان شتێك دەزانێت؟

نا !!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!ئاهەهەهەهە هە هە هە: هە.....

ئاهەهەهەهەهەهە.نا!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!: !!......

ئای لەهەناسەساردەکانی ئێوەی بەستەزمان، ئێوە کەی زانیوتانە چ قەوماوەو چ روویداوە، ئای لەو موسیقا غەمگینەی دەروونی ئێوە، ئاهوناڵەکانی ئێوەبوو وا ببووە هۆی



بەخەبەرهاتنی من، وا ببووە هۆی دۆزینەوەی من، ئەو هەناسە ساردانە منیان دۆزیوەتەوە، ئاخ خ خ خ لەم بارودۆخەی من، ئای ی ی ی ی ی لەو ژیانەی ئێوە، ئاخ خ خ خ خ، ............کەوایەحەیاتم، خەمتان نەبێت ئێستا پێموایە دیمەن هەموو شتێکمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، خۆی خۆی دەخاتەڕوو، لەئەو نهێنییە نەگریسە، خۆی بۆ مان ئەدوێت،، سەیرکەن، سەیرکەن حەیاتم...

# دڵی موقەدەس (٩)

مانگ لەبازنەی تیشکی خۆیدا کەوتووەتە داو، لەم دەشتەبەرینە، کەس نییە جگەلەدیمەن، لەدوورەوە دێت، کەڤی هەڵهێناوە، ئۆفف ف ف، چەند ناشرینی لەم کاتەدا، تەنانەت ئەو جوانییە بێ هاوتاتە نایێتەهاناتەوە، لەم شەوەدا زۆر لەخۆت و دەروونی خۆت ئەکەیت، پێموایە هیچکات تا ئەم رادەیە، لەخۆت نەچوویتە، سەیرکە دیمەن، سەیرکە پەلکەکانت چەند لەدوو ماری سپی ئەکەن، بزانەچۆن دەئاڵێنەیەکداو دیسان لەیەك ئەبنەوە، سەیرکە دیمەن، پەلکەکانت، ئەوانە وا لەمارەسپیە مەترسیدارەکان ئەچن، بزانە چەن لەتیشکی ئەو چاوانەت دەترسێن، هەر کەسەر بەرز ئەکەیتەوەو بۆ سەرهەنگ ئەڕوانی، تیشکی دوو چاوەڕەشەکانت، پەلکە مارئاساکانت ئەبەزێنن و خاو، دادەکەوێنە سەر شانەکانت، لەدوورەوە سەیری سەرهەنگ فەرزام دەکەی، ئەو پیاوە باڵا بەرزە وا لەوسەری دەشتەوە راوەستاوەو بۆتۆ دەڕوانێت، راست بۆتۆ، ئای دیمەنی ئەو



سەردەمانە تێپەڕیوە وا بەنازەناز، دەخزایتە ئامێزی سەرهەنگەوەو لەبازنەی شەهوەتەکانتاندا، دەتوانەوەو بەدەم ئاخ و ئۆفە شەهوانیەکانت، سیخۆڕی خەڵکت بۆی دەکردو چیرۆکی خەیانەتەکانی خۆتت بۆی دەگێڕایەوە، سەرهەنگ خودی حکوومەت بوو لەشاردا، لەسەر قسەی ئەو قسەنەبوو، ئەو، لەکاتێکدا کەپرسیاری خەڵکی لەتۆ دەکرد، لەهەمانکاتدا کەوتبووە داوی تۆوە، حەزی لێت بوو، تۆ بەدەم مەستی شەوەکانتەوە، لەخانووە شیك و رازاوەکەی لوتکەی ئەو چیا بەرزە، وا تەنیا سەرهەنگ و هەندێ هاوماڵی ئەو ئەیانتوانی بەزمەشەوانەکانیان ببەنە ئەوێ، لەو خانووە، تۆ پارەو زیڕت لەسەرهەنگ وەردەگرت و گان و خەیانەت بەشارت ئاراستەی ئەو دەکرد، واتە هەمان شتێك کەئەو حەزی لێبوو، بەڵام هەر کەئەو ئافرەتە هاتە ژیانی سەرهەنگەوە تۆی لەبەرچاو کەوت، خۆت کردت، خۆت ئەو ئافرەتەت بەسەرهەنگ ناساند، لەو شەوەدا، لەئەو کۆنسێرتە وا تۆو سەرهەنگ میوانی تایبەتی بوون، تۆ ئەو ئافرەتەجوانەت بەسەرهەنگ ناساندو نیگایان لەنیگای یەکتر گیریخوارد، هێدی هێدی تۆ کەوتیتە

پەراوێزەوە، بەڵام خەڵاتەکانی سەرهەنگ بۆ تۆ زۆری کرد، هەر کەبەلادەمێکەوە، باسی ئافرەتێك یان کوڕەباشەکانی شارت بۆ دەگێرایەوەو باسی ئەوە کەسەر قاڵی چێن و هاوڕێیەکانیان کێن و خانوویان لەکامەگەڕەکدایەو رەقەمی مۆبایلەکانیان چەندەو ئیمەیڵەنهێنییەکانیان کامەیە، سەرهەنگ فەرزامی خوێنڕێژ پارەبارانتی دەکرد، بەڵام پاش هاتنی کچی ڤیۆلۆن ژەن، تۆ، لەئەو کەوتیتەگومانەوە، تۆیێ بێڕەحمی کۆنەکار، کەوتیتە گومانەوە، بیرتە دیمەن؟ بێگۆمان تێدەگەی ئاماژە بەچی دەکەم، با، دەزانی، تۆ سەرهەنگت خستەداو، دواتریش خۆت ئافرەتی ڤیۆلۆن ژەنت بەتەواوی نابوود کرد، بەڵام هەر ئۆقرەت نەگرت، کوشتنی کچ و نەخۆشیە بێ دەرمانەکەی سەرهەنگ،، قەت ئارامییان نەبەخشییە دەروونە کۆن و رەشەکەی تۆ، تا ئەو شەوە....ئەو شەوە، لەو ماڵە ئاکامت هێنایە سەرهەنگ فەرزامی خوێنڕێژو خاینی بەخەڵك، بەڵام هەمووی خەیاڵ بوو خەیاڵ، سەرهەنگ ئێستاکە لەئەو سەری ئەم دەشتەبەرینەدا راوەستاوەو بۆتۆ دەڕوانێت، ئای ی ی ی چەن ناشیرینە ئێستاکەت دیمەن، تۆ ئیدی پێویستت بەنازو



نووزە شەهوانییەکانت نییە، ئەو تۆی ناسیوە، تۆ دەروونی خۆتت، دەمێکە بۆ ئەو ئاوەڵا کردووە، تۆ بەکەف هەڵهێنان و بۆڵەبۆڵەوە، بەرەو ئەو ئەڕۆی، سەیر، ئیدی نەك هەر گەنج و جوان نایەیتەپێش چاوان، بەڵکو هێدی هێدی رواڵەتی راستەقینەت خەریکە دەردەکەوێت، دەزانی چۆن وا ئەبێت دیمەن؟ با؟ خۆت چاکی لێ دەزانی؟ نەسێحرێك لەکاردایەو نەنهێنییەك، تەنیا ئەوە کەدنیا ئیدی بەدڵی تۆ نەماوە، کەس ئیدی بایەخ بەتۆ یان نازو نوزەکانی تۆ نادات، ئیدی عەشق نەماوە، ئەوین لەکوێیە بۆتۆ؟ کەس ئیدی حەزی نییە لەگەڵ تۆدا سێکسێکی بێبایەخیش بکات، کەس ئیدی گوێ لەنازەنازەکانی تۆ ناگرێت دیمەن، بۆیە لەم کاتەدا تۆ پێویستت بەڕواڵەتی راستەقینەی خۆت هەیەو باش خۆتیش لێرەدا دەدۆزیتەوە، تۆ لێرەدا نەك هەر بووکەشووشە نیت، بەڵکو پیرەقرژانگی شاری وا جووتێك پەلکەی سپی کەوتووەتەسەر شانەکانت، دوو پەلکە وا لەدوو ماری سپی دەکەن، بەڵام مارەکان لەئاگری قینی تۆ دەترسێن و جوڵەیان لێ دەبڕێت و سەیر لەوەدایە کەلەم کاتەدا سەرهەنگیش وەکو

تۆی لێهاتووه، ئەویش بووەتە خاوەنی جووتێ پەلکەی سپی و جووتێ چاوی پڕ لەقین و جووتێك مەمکەی سیسیاگ، ئێستاو لەم کاتەدا دەقاو دەقی یەکن، ئەڵێی هێچکات دوو کەس نەبوونە، بەڵام ئەبێ چی بکەن، لەڕاستیدا دوو کەس لەم سەرو ئەوسەری دەشت وەستاون، یەکێکیان خۆتی و ئەویتریان سەرهەنگ فەرزامە، لەڕاستیدا ئێوەدوو کەسن، ئەو لەو پەری دەشتەوە راوەستاوە، تۆ لەم سەری دەشتەوە.

لەژێر جلەکانت دەمانچەیێك دەر دێنیت و بەرەو ئەو دەتەقێنیت، یەك، دوو، سێ، هەرچی گوللەی تێدایە بەرەو ئەو دەیانتەقێنیت، بەڵام ئەو راوەستاوەو هیچ گوللەیێك لەم دنیایەدا برین ناخاتەسەر سنگی ئەو، تۆ وەکو مار دەفیشکێنیت، بەڵام قاقای ساردی سەرهەنگ مانگ لەبازنەی زیوینی خۆیدا دەرباز دەکات و ئەیخاتەپشت هەورێکی ئەستوورەوە، تاریکی دەشتەکە دەتەنێت، لەو تاریکییە دەنگی فیشکەفیشکی تۆو وێنەی پەلکەسپییەکانت، دیارن، تەنیا ئەو دوو دانە دیارن و لەپانتایی ئەو قاقا سەردو سامناکانەدا وننابن، نا، نابن.



## دڵی موقەدەس(١٠)

دڵۆپەئارەقەکان، تەوێڵی کچە ڤیولۆن ژەنەکەیان تەنی بوو. ئەو خەڵکە حەیرانی جوانییەکانی کچی موسیقارو دەنگی سازەکەی ببوون. دیمەن بەهێواشی ریزی ئەو کەسانە وا نەدەبوو ئەوشەوە لەهۆڵی کۆنسێرتدا بواتایێن، دابەدەستی سەرهەنگەوە. ریزی ئەو کەسانە وا بەتایبەتی کچی موسیقار دەنگیانی کردبوو. سەرهەنگ مەست و حەیران، سەیری کچی ڤیولۆن ژەنی دەکرد.

دیمەن هەستی بەو حاڵەتەی سەرهەنگ کرد بوو، بۆیە لەو کاتە کاخەزەکەی دەرهێنا. پەنجەی خستەسەر شانی سەرهەنگ. سەرهەنگ راچڵەکی و گوتی: ها...

تۆ، تۆی سەگی سیخۆ، رقت هەستابوو، لەئەو کچە هەندەرانییەو لەسەرهەنگ فەرزامی ئازیزت، با، هەمان دۆستی هەزاران ساڵەت وا لەئامێزیدا هەموو ئیشێکی ناشیرینت لێ دەوەشایەوە. سەرهەنگ سەیرێکی نێوی ئەو کەسانەی کردو بێدەنگ کاخەزەکەی لەگیرفانی باخەڵی نا. کچ ئەو خەڵکەی

لەزەریای دەنگی جوانی سازەکەی نوقم کرد بوو. سەرهەنگ ئەو شەوە بەگەرمی لەگەڵ ئەو کچەدواو ڕێزێکی باشی لێگرت و بۆ بەیانی دەنگی کرد بڕواتە دایرە.

دیمەن، ئەو شەوە هەستتکرد ئامێزی سەرهەنگ فەرزام ساردە، لەپەسا نیگای لەشوێنێکی میچی ژووری خەوتنەکەتاندا، رادەما. بیرت دێ کام ژوور دەڵێم؟ با، خۆیەتی، ژووری هەمان خانووی لووتکەی بەرزترین چیای شار، خۆ دەزانی مەبەستم کامەچیایە؟ خەریك بوو شێت ببیت، بەتایبەت کەبۆ بەیانی بەتۆی نەگوت کە تۆش لەگەڵ کچی موسیقاری هەندەرانیدا بڕۆیتە دایرە.

هاتوچۆی کچ بۆ لای سەرهەنگ زۆری کرد. بەتایبەت کەپاش گەڕانەوەی کچ بۆ وڵاتی خۆی، سەرهەنگیش فێری رویشتن بۆ لای کچ ببوو. لەپێشدا هەوڵت دا لەیەك دووریان خەیتەوە، بەڵام نا، نەدەکرا، ئەوان سەریان کردبووە سەری یەکدا، تۆ نەتدەتوانی سەر لەکاریان دەربێنیت، ئەوان خۆیان بەڕاستی لەتۆ دەپاراست، بەڵام سەرهەنگی فێڵبازیش چاکی لێدەزانی، گیرفانەکانی تۆی لەبەرتیل ئاخنی بوو، بەڵام



سوودێکی نەبوو دیمەن، نا، سوودێکی نەبوو، دڵی رەشی تۆ ئارام و ئۆقرەی نەدەگرت، تۆ هەوڵت دا سەرهەنگ لەوڵاتی کچ بترسێنی، گوتت، لەوێ دەتکوژێن، ئەوێ شوێنگەی ئەو کەسانەیە وا بەخوێنی تۆ تینوون، ئەوانە وا لەدەستی تۆوە هەڵاتوون، لەوێ لەناوت دەبەن. واتلێکرد کەتۆزێك ترسا، بەڵام عەشق و دڵداری، بەتایبەت بۆسەرهەنگ فەرزامی خوێنڕێژ ئەو قسەو باسانەی هەڵنەدەگرت. دیمەن، ئەوان دڵیان دا بوو بەیەك، نەتتوانی ئەمجارە قسەی خۆتی پێ بسەلمێنی.

سەرهەنگ فەرزام دەسەڵات دار بوو، پارەی بوو، زێڕی هەبوو، خۆ دەزانی مەبەستم کامە زێڕو پارەیە؟ ها؟ خۆتی لێ گێل مەکە، باش دەزانی مەبەستم چییە، با، خۆیەتی، مەبەستم هەمان سیستمی مافیایە، مافیای تالانکردنی ژێر خاکیەکان.

لە ٥ بەشەکەی وڵات، بگرەیەك بەشی لەژێر دەسەڵاتی سەرهەنگدا بوو، ئەو بەشێکی مەزنی لەو سیستمە مافیایە گرتبووە ئەستۆ، ئەو لەگەڵ ژێر دەسەکانیدا تالانیانکرد ئەم وڵاتەسووتاوە، لەسیستمی مافیایی سەرهەنگدا، کەس ویستی

تەنانەت فزەکردنیشی بۆ نەبوو، هەر کە، کەس پرسیارێکی بکردایە کە بۆچی و چۆن ئەبێ وابێت، بێ قسەوباس لەناویان ئەبرد، یان خراپیان دەکردو ئەبووە بنێشتەتاڵەی زاری خەڵك و ئیدی لەڕووی نەدەهات لەو شارەبمێنێت یان بەجۆرێك سەریان ئەکردە ژێر ئاوەوەو ئەیان دا بەگیری حکومەتییەکانداو دەبوایە ساڵگارێکی زۆر لەبەندینخانە بمایەتەوە، یان هەر لەوڵات راویان ئەنا.

تۆ چاکت دەزانی ئەو خەریکی چییەو چەندە خاین بەگەلە، بەڵام لەو تاڵان تاڵانە بەشی تۆشی ئەدا، بۆیە قەت قسەت نەدەکردو خۆتت لێ گێل دەکرد.

سەرهەنگ لەوڵاتی کچدا، ببوو بەبازرگان و تیجارەت خانەیەکی پێکهێنا، ناوی لێنا کۆمپانیای(سوکار فەرزام)، کۆمپانیا بۆ سەرهەنگ کارئاسانی کرد، واتە ئەمی زۆر لەکچ نزیکتر کردەوە، نزیك و نزیکتر، هی ئەوەبوو وات لەو کچە بەستزمانە کرد، ئاخر کچی موسیقار چۆن دەبووایە بیزانیبایە فەرزم یەکێ لەخوێنڕێژترین پیاوەکانی ئەم وڵاتەیە؟ هاااا؟ چۆن بیزانیایە دیمەن؟ نا، ئەو هیچکات نەیزانی سەرهەنگ



وایە. لەئێواراندا ویلۆنەکەی هەڵدەگرت و بەرەو دەشت و دیمەن دەڕۆیشتن، سەرهەنگ جگەرەی دەکێشاو بۆ دوور ئەیڕوانی و دەنگی مووسیقای کچ، دەروونی ئەوی سارێژ دەکرد، با سارێژ.

کچ وا ئەویندارانە لەگەڵ سەرهەنگدا هەڵسوکەوتی دەکرد کەخودی سەرهەنگ، هەندێجار لەخۆی ئەکەوتە گومانەوە، لەخۆی پرسیاری ئەکرد، ئەم کچە چی لەئەمدا دۆزیوەتەوە کەبەو جۆرە رێگای داوەتە دەروونی خۆی و بایەخی پێدەدا، لەڕاستیدا خودی سەرهەنگیش نەیدەزانی کچی موسیقار چی لەئەمدا دۆزیوەتەوە، چونکە ئەو لەگەڵ ئافرەتاندا بەیەك شێواز هەڵسوکەوتی دەکرد، ئەی ئەم بۆ بەشێوەیەکیتر وەڵامی دابووەوە؟ سەرهەنگ هەر ئەوەی دەزانی کچ لەگەڵ هەموو ئافرەتێکدا جیاوازی هەیەو بڕوای بەئەم کردووە، بۆیە نەیدەوێرا بەهیچ شێوەیەك کچ لەدەس بەر دات و بۆخۆی پاراستبووی.

دوواتر خۆی بەلاتەوەدرکاندی کەدەنگی سازەکەی کچ و شێوازی عەشقی ئەو بەرانبەر بەئەم، چەند لەسەرهەنگدا

کاردەکات و چەند بەلایەوە مەزنەو لەپێوەندی لەگەڵ کچدا تا چ رادەیەك برینەکانی دەروونی دەرمان ئەبوون.

تۆ، لەقاقای پێکەنینت داو گوتت، برین، مەگەر کەس بووە بتوانێت برین بخاتە دەروونی تۆوەوە؟ سەرهەنگ هێچی نەدەگووت و تەنیا بیری لەعەشقی کچ دەکردەوە، کچ لەڕاستدا پشتی بەعەشقی سەرهەنگ بەستبوو، سەرهەنگیش لەوە تێگەیشتبوو، بۆیە سەرمەستانە هەوڵی ئەدا ئەو دونیا نوێ و جوانە لەدەستی دەرنەچێت.

کچ جگە لەسازو سەرهەنگ بیری لەهیچ شتێکی تر نەدەکردەوە، خۆی تەرخانی ئەو کرد بوو، ئەو ناسکترین لایەنەکانی سەرهەنگی خوێنڕێژی خستبووەڕوو، با، هەستت کردبوو، تۆ هەستت کردبوو کە ئەو خەریکە لەدنیای خۆی دوور ئەکەوێتەوە، ئەو دنیایە وا تێیدا ژیا بوو، واتە دنیای خوێن و خوێنڕێژیی و خیانەت، بۆیە زۆر دەترسای زۆر، زۆر. کچی موسیقار تەنیا بەبۆنەی ئەوینیەوە وای لەخۆی کرد وا کردی.

لەپێناوی کۆمپانیای سووکار فەرزام و هات و چۆی سەرهەنگەوە بۆ ئەوێ، وا بڵاوببووەوە کە سەرهەنگ لەگەڵ



یەکێ لەڕێکخراوەکاندا راهاتووە. ئەو رێکخراوە وا تایبەت بەخەڵکی یاخی بوو، هەمان کەسانێك وا دژ بەحکوومەت وەستا بوون و لەتاو سزای حکوومەتییەکان بەرەو ئەوێ رایانکردبوو، تەنانەت وا بڵاوبووەوە کەخودی سەرهەنگ بووەتە یارمەتی دەریان و هەندێ کەسیش، دەیانگوت بووەتە ئەندامیان و پارەی زۆریان بۆ سەرفدەکات. دەزانی دیمەن، ئەو ئیشانە تەنیا لەبەرخاتری عەشقی کچی موسیقاربوو، خۆتیش لەکردەوەکانی سەرهەنگ چاك تێگەیشتبووی.

بۆیە هێدی، هێدی رواڵەتی راستەقینەت دەرکەوت، لەڕاستیدا ئیدی نەتدەتوانی وەکو جاران دەروونت داپۆشی.

شار بێ خاوەن داکەوتووە، ئەمەقسەی تۆ بوو. کەسەرهەنگ لەگێژاوی عەشقی کچە هەندارانییەکەدا خنکا، تۆ ترسای، هەستت ئەکرد وەکو جاری جاران چەپۆکی حکوومەت، جەستەلاوازو بریندارەکەی شار ناچەوسێنێتەوەو برینەکانی تازەناکاتەوە.

سام دای گرتبوویت، دەزانی بۆ؟ با؟ چاکی لێدەزانی، تۆ لەئەو خەڵکە دەترسایت کە تازەتێگەیشتبوون، نووسینەکانیان شار بەرەو شارستانییەت ئەبات.

بەهۆی پێنووسەوە زۆر شت بۆ خەڵك دەردەکەوت، لەوانەش بوو کەتۆش دەر کەوتیتایە، بێ باوان کەوتبوویت دیمەن، بێ باوان.

هیچکات ئەو نیوەڕۆیە لەبیرناکەیتەوە، خەریك بوو سەر خەوێك بشکێنیت، خەوی نیوەڕۆ زۆر خۆشە، هەر زۆر خۆشەو ناخۆش ئەوەیە کە لەپڕ تەلەفۆن لەزەنگ بدات و کەسێك لەو دیوی تەلەفۆنەکەوە بەچپەیەکی سامناکەوە بڵێت، دیمەن، هۆی کۆنەسیخۆڕی سەگ، لەم ڕۆژانە بۆ ئەم خەڵکە هەژارە دەرتدەخەین، باش دەرتدەخەین، کاتی مردنت نزیکەو زۆر ناشیرینتر ئەوەیە کە دیسان لەپڕ دەنگەکە بپڕێتەوەو تۆ تەنانەت دەرفەتت نەبێت پرسیارێکی لێ بکەی و پاشان دڵت وەکو دڵی چۆلەکە لێبدات.

لەپەسا، وەرزنامەو مانگنامەو حەوتەنامەکان سەریان هەڵدا، خەڵکی قسەزان و بلیمەت بەرەو ئەو شوێنانە



هرووژمیان هێنا، بازاڕی نووسین گەرمەوە بوو، هەر کە شتێکی لێدەزانی ڕێگادەدرا بۆ نووسین، خەڵك سەری سووڕمابوو، ئاخۆ ئەو هەموو نووسەرو قسەزان و بلیمەتانە لەکوێی ئەم شارەدا حەشاردرا بوون، تۆوی ئەمانە کەی و چۆن لەزەمینی سووتاوی ئەم شارەدا کێڵدرا بوون، لەکامەوەرزدا چەکەرەیان کردبوو، هەر چۆن سەوز ببوون و سەر یانهەڵدا بوو، کەی ببوون بەنەمام و زۆریان کرد بوو؟ خەڵك سەر سام مابوو ئەمانە لەکوێ بوون وا ئەمان هەستیان بەهەبوونیان نەکردبوو، بەڵام ئەوان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زۆریان ئەکردو ترسی تۆو هاوماڵەکانت زۆرتر ئەبووەوە.

شار بێ خاوەن دا کەوتووە سەرهەنگ واز لەم کچەموسیقارەبێنە، باشە کچی جوانت ئەوێت؟ هاااا؟ دەبڵێ، لەمنت بوێت، دێنم بۆت، کچی زۆر جوان و بێهاوتا، وەکو داری عەر عەر، قەڵەو، ناسك، سپی، ئەسمەر، چاو کاڵ، چاورەش باڵابەرز، خنج و منج، وەکوو نوقوڵ، هاااا، دەی بڵێ، بڵێ چۆنت پێ خۆشە، بۆتی دێنم، ئەگەر منت ناوێت، قبووڵمە، هیچ ناڵێم، هەر پێداویستییەکیشت لەم بارەوە هەبێت، بۆتی

جێبەجێدەکەم، بەڵام واز لەکچی موسیقار بێنە، تکایە وازی لێ
بێنە، شار بێ خاوەن داکەوتووە، سەیر، سەیر ئەو خەڵکە
چۆن لەمانە کۆبوونەتەوە، گوێ بگرە چی دەڵێن و چەن
قسەیان گۆڕدراوە، بزانە خەڵك چۆن سەیری ئەوان ئەکەن و
دواتر بزانە داوای چیمان لێدەکەن، ئاخر بۆ خۆتت کردووەتە
کەڕو کوێر، نابیسی؟ هاااا؟ نابیسی؟ گوێ لەئەو دەنگانە بگرە
واقسەی نوێیان پێیە، تۆ چۆن هەست بەمەترسی ناکەی؟ ئاخر
چۆن نابیسی و نایێتەخۆتدا؟ لەم چەن رۆژەی پێشووەدا بوو،
خودایێ یێ یێ، نازانم کەی بووو، مێتینگێکیان بەرپاکرد بوو،
نازانم بەبۆنەی چیەوەبوو، ئاخر لەم شارەدا کەی رێز لەم
رۆژانەگیردراوە، کەی ئێمە فرمان بەکاروباری خەڵکی دنیاوە
بووە تاکو ئێستا خۆمان رێزیان لێبگرین، ئێمە کەی دەرفەتی
ئەمجۆرە قسەقۆڕانەمان هەبووە تاکو ئێستا بکەوینە دووی
ئەمانەوەو بزانین کەی ئاوری رقیان بەرەوخۆمان
پەرەدەستێنێت و دەمان سووتێنێت، مەگەر نەتبیست هەر لەو
رۆژەدا ئەوان ئەیانەویست رێپێوانیش بەرپێبخەن، گوێت لێیە
چی دەڵێم، رێپێوان، ناترسی؟ رێپێوان تۆ وەبیر شتێکی



مەترسیدار ناخاتەوە؟ هاااا؟ دەزانی رێپێوانەکان لەئاکامدا
چیان لێدێت و بەچی دەگۆڕدرێن؟ ئاخر بۆ وریا نابیتەوە،
عەشقی چی و گووی چی واز بێنە لەم کچە هەندەرانییە، لەو
کچەسووتێنەرە، دەتسووتێنێت سەرهەنگ، ئێمەبڕیارێکی
دیکەمان بەیەك دابوو، ئێمە........

ئێمە، ئێمە، لەپەسا خۆتت لەجیاتی سەرهەنگ دا دەنا،
نەتدەزانی خۆت لەو کاتانەدا سەرهەنگێك بوویت و
سەرهەنگیش دیمەنێك بوو، ئەو لەچاو کوێر ببوو، لەگوێ کەڕ،
ئیدی تۆهیوایەکت بەسەرهەنگ نەمابوو، لەدەست دەرچوو
بوو.

کۆبوو نەوەت سازکرد، خۆت لەسەرکورسیەك و
هاوماڵەکانت لەسەر قەنەفەکان دانیشتن، تۆ هەستت
بەپاشایەتیت دەکرد، هەستت بەسەرهەنگیەت دەکرد، بەلای
تۆوە سەرهەنگ پاشایێك بوو، بێ وێنە، لەسەر ئەو کورسیەو
بەرانبەر بەهاوماڵەکانت، هەستت دەکرد بۆ خۆت سەرهەنگێکی
واتە پاشایەکی، دیمەنی پاشا بەدزی سەرهەنگی عاشقەوە

کۆبوونه‌وه‌ی سازکردووه، ئێستا له‌ڕاستیدا ئه‌و دیمه‌نه‌و تۆ سه‌رهه‌نگی.

له‌و کۆبوونه‌وه‌دا هانیانت دا به‌دزی سه‌رهه‌نگه‌وه بڕۆن بۆ پایته‌خت. بارودۆخی نوێی شار بۆ سه‌رۆکه‌کان شی بکه‌نه‌وه، با سه‌رهه‌نگ نه‌زانێت، که‌س ئاگادار نه‌بێت، تۆ ئه‌مانه‌ت گوت، ته‌نانه‌ت پاره‌ی هاتوچووه‌که‌تان به‌ناو به‌شداریکردن له‌کۆڕێکی هونه‌ری له‌پایته‌ختدا، له‌سه‌رهه‌نگ وه‌رگرت، ئه‌ویش بۆ پاراستنی خۆی له‌بۆڵه‌بۆڵه‌کانی تۆ هه‌ڵی رژاند پاره‌یه‌کی زۆر.

تۆ کوده‌تات کرد دژ به‌سه‌رهه‌نگی عاشق.

بێ ئه‌وه سه‌رهه‌نگ ئاگای لێبێت، پاس ده‌مێکی کورت، پسوڵه‌ی هاتوچۆی هه‌نده‌رانت له‌سه‌رۆکه‌کان وه‌رگرت نه‌ك هه‌ر بۆ خۆت، به‌ڵکو بۆ هه‌ندێ له‌هاوماڵه‌کانت که تا ئه‌وده‌مه نه‌ناسراو بوون، گروپێکت پێکهێنا، گرووپێکی نوێ خۆتت لکانده نه‌مامه‌کانی شاره‌وه که له‌وانه‌بوو له‌زووترینکاتدا ده‌شتستانێکی سه‌وز پێکبێنن، ئه‌وانه وا له‌سه‌رده‌مانێکی ته‌ماویدا چه‌که‌ره‌یان کشابوو، وا بێ ده‌نگ سه‌وز ببوون و خه‌ریك بوون زه‌ویه سووتاوه‌که‌ی شار سه‌وز که‌نه‌وه، تۆ



کردت، تۆ، له‌گه‌ڵ هاوماڵه‌کانتدا، له‌ژن و پیاو، ئێوه‌ش ده‌نگێکی نوێتان هه‌ڵدا، وه‌کو زالوو خۆتان لکانده ئه‌وانه‌وه‌و ده‌ستتان کرده له‌ناو بردنیان، وه‌کو خوره، هێدی، هێدی به‌زاری نه‌گریسی ئێوه‌خوردران، شار هه‌ڵقرچرا، سه‌ر له‌نوێ سووتا.

ئێستاش باش ده‌که‌ی، خه‌ریکی به‌وته‌ی خۆت، به‌ده‌ستی خۆت، خۆت بۆ من و ئه‌م به‌ستزمانانه ده‌رده‌خه‌یت، ئیدی کاتیه‌تی، با، چاك ده‌که‌ی، سه‌یر، سه‌یر.. گوێبگره دیمه‌ن، گوێ له‌ئاه و ناڵه‌و گریانه هه‌تا هه‌تاییه‌کانی ئه‌م دوو به‌ستزمانه‌بگره، سه‌یر چه‌ن پێویسته که هۆی زوڵم و زۆره‌کانی ژیانیان بدۆزنه‌وه، چه‌ن به‌پێویست ده‌زانن هۆی کوشتنیان ده‌ربکه‌وێت، هه‌رچه‌ن هه‌زاران که‌س له‌م سه‌رده‌مه‌دا به‌بۆنه‌ی زڵم و زۆر دیکتاتۆریه‌تی سه‌رهه‌نگه‌وه له‌ناوچوون، کوژران، بێده‌نگ بوون و که‌س قه‌ت ئاگای لێیان نه‌بووه، به‌ڵام هه‌رخراپ نییه، باشه که‌حه‌قیقه‌تی ئه‌م دوو به‌سته‌زمانه‌ش ده‌رکه‌وێت، چیرۆکی ئه‌مان جیاوازی هه‌یه، چیرۆکی ئه‌مان چیرۆکی عه‌شقه، یه‌کجار بێ که‌س و بێ تاوان کوژران، یه‌کجار

بێدەنگ و بێتاوان لەناوچوون، ئەویش بەهۆی یەکێ لەبانییەکانی ئەم زلْم و زۆرەوە، واتە خۆت، خۆتی سەگی سیخۆر.

هیچکات کەس ویست یان زاتی ئەوەی نەبوو کە سەرهەنگ و سیخۆرەکانی دەربخات، ئێستا کەخۆتان خەریکن گۆڕی خۆتان ئامادەدەکەن، بەبۆنەی خەم و گریانەکانی ئەم دوو بەستەزمانەوە وا رێك چنگتان خستە نێو سنگیان و دڵەعاشقەکەیانتان دەرهێناو لەشیشتانداو خوارتان، ویستان لێبڕاوەو خۆتان خەریکن خۆتان دەرئەخەن، بەڵام دیمەن تۆ وا نەبوویت، نا، وا نەبوویت، بەبۆنەی نەدارییەکانتەوە کەوتیتە داوی سەرهەنگەوە، تۆ خۆتت فرۆشتە پارەو زیرەکانی سەرهەنگ، بێئەوەی خۆت هەست بکەی، بوویتە سێبەری سەرهەنگ، کاتێك وریا بوویتەوە کەکار لەکار ترازا بوو، رێگات نەبوو بگەڕێیتەوە، بۆگەنی خیانەتەکانت تا سەرئێسقانەکانیشت گەیشتبوو. پاشان عەشقی نەگریست وایلێت کرد کەخودی سەرهەنگیش کەوتە مەترسی خیانەتەکانی تۆوە.



پاش ئەوەی کەیاخییەکان سەر یان لەفێڵکاری سەرهەنگ دەرهێنا، بۆ کوشتن و تیرۆرکردنی، وەدووی کەوتن، فەرمانی کوشتنی سەرهەنگ لەنێوان یاخییەکاندا بڵاوبووەوەو گەیشتە گوێی تۆش، تۆزێ دڵت ئارامی پێداهات، کەوتیتە بیرکردن و نەخشەکێشان کەچۆن تۆڵەی لێبکەیتەوە، تاکو ئەو شەوە.

پاش ئەوە کەتۆ کچی موسیقارت بەهاو دەستی هاوڕێ فیلمسازەکەت لەناو بردو هاوکات کەسایەتی سەرهەنگ بۆ هەمووان کەوتە روو، ژیانی هەردووکتان کەوتە بازنەیەکی ترەوە، بازنەی چاوەڕوانییەکی رەشەوە. تۆ لەچاوەڕوانی چاوپێکەوتن و تۆڵەکردن لەسەرهەنگ و ئەویش لەچاوەڕوانی رزگار هاتن لەو بارودۆخە کوشندەیە، چونکە سەرهەنگ لەتاو یاخییەکان خۆی شاردبووەوەو نەیدەتوانی وەکو جاران هاتوچۆ بکات، بەتایبەت کچی موسیقاریش مرد بوو و ئەو هەستی بەنائۆمێدییەکی بێئاکام دەکرد، کەس نەیدەوێرا بڕواتە قەرەی سەرهەنگەوە، هەر چەند ئەو بەبۆنەی ماڵ و سامالْ و دەسەڵاتییەوە پێویستی بەکەس نەبوو، بەڵام بەرانبەر

بەسەرۆکەکانی حکوومەت نەیدەتوانی وەکو جاران خۆی بنوێنێت، وەکو پێشتر سەرۆکەکان بەجێ متمانەیان نەدەزانی.

دیمەن، رق و قینی تۆ بەرانبەر بەئەو کەمی نەکرد تەنانەت لەو شەوەدا وا پاش دەربەدەرییەکی زۆر بێئەوەی کەس ئاگای لێیبێت هاتەبەر دەرگای ماڵەکەتان و پاش ئەو هەموو ساردیە وا لەنێوانتاندا روویدا بوو، ئەو لەعەشقەوە دوا، بەنەرمی و عاشقانە قسەی کرد، بەڵام تۆ... بەتوندی راوت نا و نەت وێرا تەنانەت گوێ لەیەك وشەشی بگریت، ئەویش لەو کاتەدا بڕیاریدا تۆڵەت لێبکاتەوە، تەنانەت کاتێ زانی کچی موسیقار بەدەستی تۆ لەناو چووە، سوێندەکەی دووپات کردەوە کەلەناوت ببات، بەڵام هەی هات، کێ دەزانێت چی لەئارادایە، تەنانەت سەرهەنگیش نەیدەزانی.

سەرهەنگ بەقسەی هەمان هاوڕێی فیلمسازت، بۆیدەرکەوت کچی موسیقار بەدەستی تۆ مەسموم بووەو کوژراوە.

لەو شەقامە، شەقامی ژووانەکانتان، تۆی دایە بەر شەق و زللە، قینی تۆ لەئەو زۆری کرد، ئاگری تۆڵە لەدڵتدا شەماڵەی ساند، گڕت لێ بەر بوو، گڕی کوشتن و لەناوبردنی.



بەهۆی یەکێ لەپیاوەکانت شوێنی سەرهەنگت دۆزیەوەو کابرات ناردەسەری، لەو شەوەزەنگە وا چاو چاوی نەدەدی، کابرات ناردەسەری و کابراش چەقۆی لەدڵی نا، بێئەوەی کەس لەو کارەساتە تێبگات، بێئەوەی ئاو لەئاو تەکان بخوات، تۆڵەت لێکردەوە.

ئێستا وادەزانی گوللەکانی دەمانچەکەت ئەتوانن ئەو لەناوببەن، وادەزانی ئەتوانی تاپۆی ئەو لەناو ببەیت، وادەزانی ئەتوانی ئەو لەژیانت بسڕیتەوە، بەڵام نا، ناتوانی دیمەن، نا ناتوانی.

تۆ هەر دەزانی کێ ئەم دوو بەستزمانەو تەنانەت منیشی بەخەبەر هێنایەوە؟ هاااا؟ دەزانی؟ با، خۆت، خۆت ئێمەت بەخەبەرهێنا، تۆ خۆت وەدووی ئێمە کەوتی، ئەمەندەگەڕای و گەڕای تاکو ئێمەت بەخەبەرهێنایەوە، چونکە تۆ ناتوانی واز لەسەرهەنگ بێنیت، تۆ وا بیردەکەیتەوە کە عاشقی سەرهەنگ، بەڵام بەلای تۆوە عەشق چ مانایەکی هەیە، تۆ وا بیردەکەیتەوە، بەڵام تۆ فرت بەعەشقەوە نەبووە، بەڵکو تۆ بۆمانەوەی خۆت پێویستت بەهەبوونی سەرهەنگ هەیە، هەر

چەن ئەوت كوشت، بەڵام ناتوانی لەژیانت بیسڕێتەوە بۆیە ناهێڵی بمرێت، بەهەمان بیانووش ناهێڵێت ئێمەش بمرین، با ئێمەش، تۆ منیشت دەمێكە داوەتە كوشتندا، دەمێكە، منیش سەر دەمانێك لەتەنیشتی تۆدا ژیاوم، با، وەكو ئەو هەموو خەڵكە منیشت لەناوبرد، با، بەڵام ناتوانی منیش لەخۆت بسڕیتەوە، تۆ ناتوانی.



## دڵی موقەدەس( ١١ )

فەرزام و جامانەخاوێن و نوێیەكەی لەدەستەكانی سەرهەنگ، بەڕێزێكی زۆرە، وەوەرگرت.

ئەو كاتە، هێشتا خۆی نەببوو بەسەرهەنگ، جامانەكەی وەرگرت و بەپەلە پێچایە سەرو رووییەوەو دەمو چاوی خۆی داپۆشی،، وەكو ئەوانی تر، رۆیشتنەسەر سەریان و گوللەی ئاخریان لەمێشكیان تەقاند، ئەوان سەرۆكی یاخیەكانی شار بوون، پێكەوە راپۆرت درابوون، لەیەكێ لەماڵەكانی شاردا كۆببوونەوەو سیخۆڕێك راپۆرتی لێدابوون، بەپەلە سزای مەرگیان بۆ دەرچوو، فەرزام و ئەوانی تر وایاندەزانی كەس پێیان نازانێت، وایاندەزانی خەیانەتەكەیان ناكەوێتەڕوو، وایاندەزانی كەس چاویان بەئەوانەوە نییە، بەڵام، بەڵام هەر نەبێت كەسێك هەیەئەمجۆرەخیانەتانە ببینێت، هاااا؟ نییە؟ كێ بیر لەمرۆڤە بچووكەكان دەكاتەوە، دیمەن، كێ دەگاتە مێشكییەوە كەلەوانەیە یەكێ لەو مرۆڤە بێبایەخ و بچووكانە كامێرایەكی پێبێت و بۆ یەكێ لەو رێكخراوانە وێنەبگرێت؟

هاااا؟ ها دیمەن؟ لەڕاستیدا لەو کاتانە کەس لەم شتانە بیر ناکاتەوە، بەڵام بەڕاستی وا بوو، کامێراکەم هەر چەند بێنرخ بوو، بەڵام باش ئیشی دەکرد، زۆرررر باش، وا نییە دیمەن؟

لەدرێژەی مێژوودا، هەبوونەکەسانێك وابەدزییەوە بوونەتە سەیرکەری خیانەتەکانی خەڵکانی تر، با، من لەوێ بووم، من هەموو شتێکم بەچاوان بینی و بەکامێراکەم ئەو خیانەتەم خەزن کرد، بەڵام تۆ هێچکات بڕوات بەقسەکانی من نەکرد، تەنانەت بڕوات بەئەو وێنە کۆنانە نەکرد، لەقاقای پێکەنینت دەداو بڕوات بەمن نەدەکرد دیمەن، من تەنیا هاوڕێیی تۆ بووم، هاوڕێی تافی منداڵییەتیت، تا ئەو کاتە وا بوویتە بکوژم، لەگەڵتدا بووم.

گوتم کچێ وازبێنە دەڕۆینە کارخانە، با ئیشی شەوان بێت، با مووچەکەمان کەمبێت، بەس نییە نانی خۆمان دەخۆین و مننەتی ئەم سەگانە نابەین، گوتت نا، من خۆم تەرخانی ئەمجۆرە ژیانە پڕ لەنەگبەتی و چەر مەسەرییانە ناکەم، من خۆم دەرباز دەکەم، من ناتوانم وا بژیم، خۆم دەرباز دەکەم، کردت، با خۆتت دەربازکرد، بوویتەگاندەری سەرهەنگ



فەرزامی خوێنڕێژ، پاشان هەر زۆر زوو ببوویتە سیخۆری تایبەتی خۆی، بەڵام من چیرۆکی ئەو ڕۆژەم بۆ تۆ باس کرد بوو، هەر زۆر زۆر باسم دەکردو کار لەکار ترازا بوو، هەر کەزانیم ئەو نهێنییەت بەلای سەرهەنگەوە درکاندووە، ویستم لەشار هەڵ بێم، بەڵام...بەڵام ماشینەکەی خودی سەرهەنگ زۆر خێرا لێیدەخوڕی، لەڕاستیدا قەت نەمبینبوو ماشینێك بەو خێراییەبڕوات و لەکەس بدات و کەسەکەش ئافرەتێك بێت وا بیەوێت لەشار دەرچێت و لەچاو تروکانێکدا بکوژرێت تەنیا، لەبەر هەندێ وێنەی کۆن، بەڕاستی کارەساتی وام قەت نەبینی بوو، هەر نەم بینی بوو، بێئەوەی خۆت بزانیت، منت بەدەستی خۆت دا بەکوشتن، هاتیتە سەرم و گریایت، بەڵام دواتر کەسەرهەنگ لەکاتی مەستیدا نهێنی مەرگی منی بۆت دەرخست، زۆر دەر قەید نەهاتی، تۆش وەکو ئەوت لێهات بوو، با، وایە، ئێستاکە بەرد هوام گولیەی لێ دەتەقێنی، بەڵام ئەو هەر لەوێدایە، ڕێك، بەرانبەر بەتۆ.

پێتوانییە هەموو شتێك لەگۆڕاندایە؟ پێتوانییە دیمەن کات بەئاکام گەیشتووە؟ کاتی تۆ، کاتەکانی تۆ.. تۆ، سەرهەنگ دیمەن، هااااا؟

سات لەدوای سات ڕەنگ و ڕووی تۆ دەگۆڕدرێت، پیرو پیرتر ئەبیتەوە، پەلکەکانت سپی و سپیتر ئەبنەوە، ژیلەمۆکانی چاوەکانت لەساردەوەبووندان، ئەڵێی خوڵەمێشیان پڕاندووەتە ڕوویاندا، بەڵام نا، سوودێکی نییە دیمەن،، نە سەرهەنگ دەکوژرێت نەئێمە، دیمەن، ئێستا تۆمان خستووەتە بازنەیەکی کوشەندەوە، تۆ گوللەمان لێ دەتەقێنیت، سەرهەنگیش گوللەمان لێ دەتەقێنێت، تۆ لەسەرهەنگیش گوللەدەتەقێنیت، ئێمە بڕیارمان داوە قەت سەرهەنگ نەخەینە بازنەکەمانەوە، نەشهێڵێن بێتە قەرەمانەوە، با تۆ بەردەوام گوللەمان لێ بتەقێنیت، با لەسەرهەنگ گوللە بتەقێنیت، با سەرهەنگ لەئێمەو با لەتۆش گوللەبتەقێنێت، گرنگ نییە، قەت گرنگ نییە با بزانی گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە سەرهەنگ و ئێمە قەت لەژیانی تۆ ناسڕینەوەو تۆش بەردەوام پیرو پیرتر ئەبیتەوە.



## دڵی موقەدەس(١٢)

: پێموایە، پەیڤینێکی خۆشمان رابوارد لەم شەوە زیوینەدا، وایە حەیاتم؟

: با، وایە.

: تۆ چی؟ تۆش لەگەڵ ئەمدای؟ پێتخۆش بوو ئەمشەومان وا بەئاکام هێنا؟

: با پێم خۆشبوو.

:زۆرررررر باشەگیانەکەم، زۆر باشە، هەر چەند هێشتا مانگ لەبازنەی ئەو هەورانە کەوتووەتە داو، بەڵام پێم سەیرە ئەی ئەم شەوە زیوین و ڕووناکەمان چۆن دەستکەوتووە، ئەگەر هێشتا مانگەکە نەیتوانیوە خۆی لەداوی ئەو هەورانە دەرباز بکات، چۆن وا لەڕووناکیدا نوقم بووین؟

: بەڕاستی من نەدەزانم، بەڵام زۆرم پێخۆشەو پێموایە ئێستا دەتوانم لەقاقای پێکەنین بدەم.

: بڕوابکە منیش نازانم چۆن وا ئەکرێت و ئێستا منیش لێوانلێوم لەپێکەنین و ئەگەر، روخسەتم بدەی منیش ئەمەوێت لەقاقای پێکەنینێکی خۆش بدەم.

: دەبفەرموون با پێکەوە لەقاقای پێکەنین بدەین... فەرموون،،، دەی،،، من خۆمیش رێك لەم کاتەدا پڕم لەقاقای پێکەنینێکی سەیر، دەی،، دەی با بفەرموین بۆ پێکەنین نا، نا، باشترە لەقاقا بدەین دەی ی ی ی ی..........................................................

...

تەواو.



## ماچە مەستە سەرگەردانەکان

تۆ لەپێناوی دارێکی هەرە کۆنەوە دەرئەکەوی. لەچاوانتەوە تیشکێکی تەماویی بەرەو من ورشەی دێت. لێم نزیکدەبیتەوە. بەچپەوە داوای مەرگێکی کوشەندەم لێدەکەی. وەڕز بوویت، وەڕز، بەڕاشکاوی دیارە ئەم کات و شوێنە تۆ لەخۆیاندا ناگونجێنن. سەیرم دەکەیت و لێوەکانت بەزمان تەڕدەکەی، لێوەکانت چەندە بەتامەزرۆ دیارن، داوای مەرگێکی بێشوێن و کاتم لێدەکەی کات هەمان داری هەرەکۆنە. میلەکان دەمێکە خێرا لەسووڕاندان، ئاوڕدەدەمەوەو بۆ دار دەڕوانم. حەپەساو سەیری دەکەم، ئەم میلە ناسکانە چەندە بەتەمەن دیارن، بۆ تاکو ئێستا هەستم پێنەکردووە؟ سەیرم دەکەی: تکایە..خێرا... دەی ...

ئاخر من چیبکەم، ویستم لێبڕاوە، مێشکم وەختە بتەقێ.....چیبکەم، دەبێ قوڕی کامە وڵاتی رەش و داماو بەسەرمدا بکەم، دەپاڕێتەوە: دەی، دەی توخوا،،، خێراکە.

دەڕۆم، بەرەو دارە کۆن دەڕۆم، ئای حەیاتم، ئەمەکەی تا ئەم رادەیە وەڕەزبووی و من هەستم پێنەکردبوو؟ هاااااا؟ کەی واتلێهات و من نەمزانیوە؟ هااااا؟

چاوانت بڕییە ناوچاوانم و گوتت: گۆڕدراوی هەناسەکەم، گوتم نا، لەپڕ زللەیەکت لێدام و قیژاندت: ئەوە بزانە دەتکوژم بەو خوایە تۆ دەکوژم و پاشان خۆشم دەکوژمە شوێنتدا. هیچم نەگوت وەکو شێتەکان لەوێ هەڵاتی و تاچەند رۆژ دیارنەمایت.

: دەی هەناسەکەم دەی خێراکە.

ئیدی هیچ نایژم. خێرا بەرەو دارە کۆن هەڵدێم، راوەستان بێسودە حەیاتم، دەبێ دەسبەکاربم، دەستم درێژ دەکەمەوە، بێگومان دەستم ناگاتە ئەو میلانە، میلەکانی کاتژمێر زۆر لەمنەوە دوورن، بەڵام دەستی من کێشی دێت، دەستی من بەرەو ئەوان کێشی دێت، دەستم دەڕوات، حەزت لێیە بزانی چۆن چۆنی دەستم دەڕوات؟ حەزت لێیە؟ هاااا؟ دە سەیرمکە بزانە من چۆن وادەکەم، نە، بەداخەوە، بێسوودە، تۆ تەنانەت حەزناکەی بزانی من چۆن وادەکەم، تەنانەت سەیریشم ناکەیت، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک لەچاوانم دەوەرێتە خوارەوە،



دەستم کێشی دێت و لەداری کۆن خۆی هەڵدەکشێت، دەزانی چۆن؟ دەزانی؟ دە گوێبگرە سەگباب، گوێبگرە، نا نا نا، تکایە بمبووری حەیاتم، ئەو جنێوە لەزاری من نەهاتەدەرێ، بڕوابکە لەزاری من نەبوو، من ئەوەم نەگوت، من گوتم، بەقوربان گوێبگرە، دڵەکەم گوێبگرە، سەیر، سەیر بزانە چۆن دەستم کێشی دێت. تۆ بەردەوام حەزت لەم کارانەی من بوو، بەحەپەساوییەوە سەیرت دەکرد، دە ئێستا بۆ وایتە، سەیرم ناکەی، کە وایە من درێژە بەکارەکەم دەدەم، با، درێژە بەکارەکەم دەدەم و رەحمیشت پێناکەم، بەزەییم پێتانایێت، ئەتۆ کوا دەزانی بەزەیی یانی چی؟ تۆ ئەگەر بتزانیبایە بەزەیی چییە داوای مەرگت لەمن نەدەکرد. ئەویش مەرگێکی ئاوەها.

ئێستا دەستی من وەکو بنێشتی ژێر دانەکانی منداڵێکی لێهاتووە وا بەدووقامکی بەردەوام دەیکێشێت. دەستم کێشی دێت و دەڕوات و دەگاتە میلە کۆنەکانی کات، لەئان و ساتێکدا میلەکان هەڵدەکەنیم و دەیانهێنمە خوارێ، سەیرە حەیاتم بۆ تاکو ئێستا لەتەمەنی ئەم میلانە بیرم نەکردبووەوە؟ بەرەو تۆ ئاوڕدەدەمەوە، ساردو بێگیانی وەکو مردووەکان، پێموایە

لەوکاتەوە وا بڕیاری مردنت بەخۆت و خۆم دا ڕەنگی مردووت لێنیشت، بەرەو تۆ رادەکەم، با، دەبێ بەقسەت بکەم، ئەمجارە بێگۆمان بەقسەت دەکەم، دەستم ئاسایی دەبێتەوە، دەقاو دەقی ئەو دەستەکەی ترم، دێم، بەرەو تۆ دێم، رادەوەستم و بانگت لێدەکەم: وەرە ە ە ە ە، بەئەسپایی دەسووڕێیتەوەو بەرەو من دێیت، دێیت و لەبناری ئەم چیا سپییە رادەکشێی، تۆ زیوینی، لەڕەنگ و وێنەی مانگ دەکەی، ئەوەندە زیوین، کە لەو بنارە سپییە، سپیتر لەسپێتی بەفر، دیاری، رادەکشێی و دوو لێوە تەڕەکەت لێکدەنێی، زارت وەکو سێوێکی تەڕو سپی دەکەوێتە پێش چاوانم، دەستەکانت دەخەیتە سەریەك و لەسەر سینگت دایاندەنێی و بێدەنگ دەکەویتە بازنەی چاوەڕوانییەکی ون و داخراو، ئای چەندە بەتامەزرۆی ....لاشە زیوینەکەت تەنانەت لەو بنارە سپییە دیارەو ورشەکانت تائەو دیوی چیاکان دەڕۆن.

ئۆف... چەندە دڵتەزێن بوو ئەو دیمەنە، دایکم ئەو مندااڵنەی راودەنا، بەاڵم ئەوان لەپڕ بەردێك یان شتێکیان بەرەو تۆ توڕدەداو شوێنکتیان بریندارەدەکرد. هاواریان دەکرد شێتە، شێتە . دایکم جنێوی دەداو کفری دەکرد، خۆداو پێغەمبەری بەگژیەکدا دەداو تۆی دەخستە پەنای خۆی، تۆ هیچت نەدەگوت. ورشەکانت کەمیان نەدەکردو تۆ بێدەنگ لەو خەڵکە ساویلکەیە، دەترۆانی، تەنانەت هەوڵت نەدەدا خۆتیان لێبپارێزی، گوتم دایە ئەمانە ساویلکەن یان ئەمە ساویلکەیە؟، دایکم گوتی، وەڵاهی پێموایە تۆ جادووگەری، سێحر دەکەی، ئاخر ئەم بەستەزمانە ورشەو مرشەی لەکوێ بوو، راستم پێبڵێ کچێ ئەتۆ چیت دەرخواردی ئەم هەژارە داوە تیشکی لێبەربووە، ئاخر کوێربیت یاخوا، بۆ وات بەم بەستەزمانە کرد؟ کردووتە شێتی دەستی ئەم خوانەناسانە، کفر کفر ،کفرەکانی دایکم ئاکامیان نەدەهات. من دەمگوت ئەم کفرانە لەئاکامدا سەرمان لێدەشێوێنینن، تۆ پێدەکەنیت و دەتگوت کچێ کفری چی و قسەی قۆڕی چی وازبێنە حەیاتم ژیان ئەمەیە وا دەیبینی، لەچی دەگەڕێی دڵەکەم، ژیان ئەمەیەو بەس.



میلەکانی کاتژمێر چەپ و راست لەسەر سینگت دادەنێم، بڕوابکە ئەمە ئیدی یاری نییە، یارییەکانمان ئاکامیان هاتووە، بڕوابکە حەیاتم، لەوانەیە لەقسەو بیرو بڕواکانت پاشگەز بوویتەوە؟ هااااا؟ لەوانەیە؟، نازانم، رەنگە هاتبیتە سەر ئەم بڕوایە کە پاش مردنت، لەدنیایەکی دی دەژیت، یان دیسان

زیندوو دەبیتەوە؟ هاااا؟ هاتویتەسەر ئەم بڕیارە؟ ئەی چۆن بێقسەو باس داوای مەرگێکی ئاوەهام لێدەکەی؟ بڕوابکە ناتوانم لەمێشکی خۆمدا ئەم داخوازییەت بگونجێنم، پێتگوتم ئەمە ئیدی یاری نییە؟ ها؟ بیرتە؟، با گوتم، بیرمە گوتم، ئەمە ئیدی یاری نییە حەیاتم، من بڕیارمداوە بتکوژم، من دەتکوژم حەیاتم دەتکوژم.

بەجێتدێڵم، دیسان بەرەو داری کۆن دەگەڕێمەوە. دەنگ، دەنگ. لەئان و ساتێکدا دەنگە ونبووەکانی کەسەکان، بانگدەکەم، بانگیان لێدەکەم، ئەوانە وا خاوەنەکانیان لەژیانیاندا قەت نەیانتوانی بیاندوزنەوە، یان هەر بەهەبوونی ئەو دەنگانە نەیانزانی بوو، بانگیان لێدەکەم. دێن لەدوورەوە دێن و لاشە زیوینەکەی تۆ گەمارۆ دەدەن. حەدیان نەبێ ئەم دەنگانە ورشە زیوینەکانی لاشەی تۆ بپۆشێنن، لەپڕ هەموویان دەلکێنە تۆوە. دەنگی تووڕە، نەرم ،خۆش ، گەرم، تاڵ و سارد، جوان و ناحەز، لەهەموو جۆرێك دەلکێنە تۆوە، هەموویان بەهەزاران قاقاو پێکەنین و چپەو سرتەوە هاتوون و تۆ لەیەك ئان و ساتدا لەژێر ئەو تارماییە سامناکە نوقم دەبی.



ئاخێك هەڵدەکێشم، ئیدی ناتوانم تۆ ببینم، بەڵام پێویستە، ئەم مەرگە بۆ تۆ پێویستە، تۆ ئەمەت پێخۆشە.

بیرمە کە تەنیا لەکاتی خۆشتندا دەمتوانی جێپەنجەکانت بەسەر لەشمەوە بسڕمەوە، جەستەم نوقمی روناکی دەبوو هەموو کاتێ، تەنیا ئاو ئەو تیشکانەی لەمن دەسڕییەوە، دایکم دەیگوت، سەیر سەیر خۆ تۆش وەکو ئەوت لێهاتووە کچێ. تیشکەکانی ئەو تۆشیان نوورانی کردووەتەوە. تەنیا ئاو جێپەنجەکانی تۆی دەسڕییەوە، لەقاقای پێکەنینت دەداو دەتگوت تەنیا شتە نادیارەکان دەتوانن ئاسەوارەکانی من لەتۆ بسڕنەوە، تۆ هیچکات ناتوانی من لەخۆت بسڕیتەوە.

کەچی ئێستاکە خۆت هاتوویت و لەبەر دەستمدا راکشاویت و داوای ئەوەم لێدەکەی کە بتکوژم، دیسان بەرەو دار هەڵدێم، دارە کۆنی بنارە سپیەکەی چیا نادیارەکان، تەنانەت ئەم شوێنەش خۆت هەڵبژارد، بەرانبەر بەداخوازەکانت ملم دانەواندو کڕنووشم برد، باشە من وادەکەم، بەقسەی تۆ دەکەم حەیاتم، بڵێ، بڵێ، گوێم لێتە، لەسەر داخوازیترت، ئێستا نۆرەی رەنگەکانە، رەنگە نادیارەکانی ژیان، دەنگ هەڵدێنم و بانگیان لێدەکەم، لەپێناوی کەلێنەکانی زەمین و زەریاکان و

ئاسمان، هەزاران هەزار رەنگی چاوەڕوان و نامۆ بەرەو تۆ هوژۆم دێنن، ئای ی ی ی ...چ بڵێم، بەرانبەر بەم بنارە پڕ لەڕەنگە دەبمە هیچ، دەبمە تۆز، دەبمە خاك، دەبمە میروولە، ئای حەیاتم چەن بێدەسەڵاتم بەرانبەر بەم کاکەشانە رەنگاوڕەنگە وا باوەش باوەش دەڕژێنە سەر تۆدا، سەیرە، جیهانێك پڕ لەمۆسیقاو دەنگ و رەنگ بەسەر لاشە زیوینەکەی تۆدا باریوەو قەت ئاسەوارێك لەتۆ بەچاو نایێت، بەڵام هێشتا ورشە زیوینەکانت ئەو هەموو دەنگ و رەنگانەی بەزاندووەو دەگەنە ئاسمان، تۆ دیاری، من هێشتا تۆ هەست پێدەکەم، هەستدەکەم ئەگەر لەو گردە بێمەپێشەوە، تۆ لەپڕ هەڵدەستیت و ئامێزت بۆ من ئاوەڵا دەکەیت و بەچپەوە دەڵێی تۆ ناتوانی من لەژیانی خۆت بسڕیتەوە، قەت ناتوانی دڵەکەم.

بەرانبەر بەدایکم دانیشتی و گوتت: من ئەم کچەی تۆم دەوێت دایکم بەساردییەکەوە گوتی: نا.. نابێت... نا.. ناکرێت...

گوتت: بۆ ئاخر بۆ؟

دایکم ناچاوانی گرژ کردو گوتی: تۆ زۆر ساکاری، میهرەبانییەکەت لەڕادە بەدەرە، ناتوانیت ژیانی ئەم کچەی من



بەرێگەوە ببەیت، .... هەڵاتین، بەقاقاو پێکەنینەوە هەڵاتین و خۆمان لەگێژاوی ئەو قورو لمانە گەوزاند، تلماندەخواردو پێدەکەنین، ئای... تۆ چەندە لەو کاتەشدا ورشەداربوویت، بەکامە جلوبەرگ ئەو تیشکانەی لاشەی تۆ دەشاردرانەوە گیانەکەم؟ نەمدەزانی، بەدەنگێکی خۆشەوە گوتت: وازبێنە حەیاتم ... وازبێنە... وەرە یارییەکی دی دەسپێبکەین، گوێ مەدەرێ گیانەکەم، گوێ مەدەرێ.....

ئێستا پێتوایە لەم بنارە سپیە، دەستمان کردووەتە یارییەکی دی، بەڵام بڕوابکە ئەمە ئیدی یاری نییە، دەتکەمە خوڵەمێش، رزگارت دەکەم، تۆ وا دەزانی من رزگار دەبم، بەڵام ئاخر چۆن تێنەگەیشتی حەیاتم، ئەمە هەبوونی منە لەدڵتدا وا ناهێڵێ ئەم ورشانە ئاکامیان بێت؟ ئاخر چۆن تێنەگەیشتی...

با هەڵدەکات، بەرانبە بەزەریا تەماوییەکە راوەستاوم،، با بەهێزە، دەیەوێت تووڕەمبداتە سووچێکەوە، با هەوڵدەدات پرچەکانم برفێنێت، دەقیژێنم و دەستی چەپم درێژ دەکەمەوە، هەمان دەستی سیحراوی، بەرەو ناخی زەریا درێژی دەکەمەوە، قامکەکانم بێویستانە بەرەو ناخی زەریا رۆدەچن، دەگەڕێن، دەستم لەگەڕاندایەو ماسییە بچووکە زیووینەکە

دەدۆزمەوە، ماسییەکە، پێموایە خۆی دێتە نێو لەپم، دەستم دەهێنمە دەرێ، هەمان ماسییە، ماسییەبچووکە زیوینەکەی خۆمە،... هەمان ماسی...ئەم ماسییە حەیاتم، بەدوولادا خۆی دەجوولێنێتەوە، نەرم و ئەهوەن، بەلای راستدا ئەگەر خۆی بجولێنێتەوە، شەپۆل شەراب دەخولقێنێت و بەبارێکتردا باوەش باوەش، ماچی مەستی لێدەبێتەوە، هەمان ماچی سەرگەردانیشی تێدایە، ئەم ماچە، ماچێکی سەرسوورهێنەرە، سەردەمانێك زۆر گەڕام کە لێوەکانی ئەم ماچە سەرگەردانە بدۆزمەوە، بەڵام بۆم نەدۆزرایەوە، تاکو لەو ڕۆژە سیحراوییە تۆم بەچاو بینی، ئەو ماچە مەستە، هێن لێوە تەڕەکانی تۆ بوو، لێوە کانت٤

سەرگەردانبوون و نەیاندەزانیS لەسەر کامە زاردا دەبێ بنیشنەوە، گوتت: دڵەکەم لەکاتی عەشقدا، دەمەوێت یەك کاتژمێری تەواو، لێوەکانت بمژم... لێوەکانت شوێنگەی لێوە سەرگەردانەکانی منن، نازانم بۆ قەت تێریان لێناخۆم، تەنیا ئەوە دەزانم لەئامێزی تۆدا تامی سەهۆڵ و ماچم لێککردووەتەوە، پاش ئەو قسانەی تۆ تێگەیشتم ئیدی پێویستم بەو ماسییە نەماوە دەبێت بیخەمە زەریاکەوە،



خستم، تۆ هاتی و من ئەو ماسییەم تووڕدایە زەریا مەستەکەوە، خەڵك دەیانگوت ئەمە ئاو نییە، ئەمە شەرابە وا لەجیاتی ئاو لەم زەریایە شەپۆل دەدات، ئەوەندە گوتیان و گوتیان تا لەئاکامدا حکومەتی کان هاتن و ئاوی زەریاکەیان تاقیکردەوە، تەنانەت کارخانەشیان لەوێ دروستکرد، بەڵام پاش تاقیکردنەوەی زۆر، تێگەیشتن، زەریا تەنیا ئاوی پێیە نەشەراب، حکوومەتییەکان جەزایەکی سەختیان دا بەو کەسانە وا هەواڵی هەڵەیان ناردبوو، کەلوپەلیان کۆکردەوەو لەوێ ڕۆیشتن، پاش ڕۆیشتنی ئەوان دیسان زەریا مەستیکردو باوەش باوەش ماچی مەستی بەملاو ئەولا دەبرد.

ماسییەکە دەخەمە سەر گردەکەی سەر لاشەی تۆ، ماسی ئەهوەن و نەرم دەستی پێدەکات و شەراب و ماچە وا ئاراستەی تۆ دەکات، وابزانم حەیاتم لەوانەیە ئیدی لەماچ و شەراب تێربخۆی بەپێچەوانەی پێشووت، دەزانم ئەم ماسییە چکۆلەیە چاری دەردی تۆ دەکات، تەنیا ئەمەیە وا دەتوانێت ئەو تیشکانەی لەشی تۆ دابپۆشێنێت، هەر کە نێوی ماسییە چکۆلەم بەلاتەوە دەبرد، زڵەزڵ دەکەوتە چاوانت، تیشکەکانی لەشت کەمیان دەکرد، تۆ تێگەیشتبووی ئەو ماسییە ئاکامی

تۆیە، بۆیە لێیدەترسای، بەڵام ئەمجارە هیچت نەگوت، کە ناومبرد چاوەکانت لێمداخست و بێقسەو باس مت بوویت.

ئای حەیاتم... تۆ کەی تا ئەم رادەیە لەم ژیانە ماندووبوویت وا من نەمزانی بوو، کەی وات بەسەر هاتبوو، چۆن من تێنەگەیشتبووم؟

ماسی هەموو شتێك لەژێر شەپۆلە نەرمەکانیدا، نوقم دەکات، تۆ نوقم دەبی، ئارام و بێدەنگ، میلەکانی کاتژمێری سەردە می تۆ هێدی، هێدی نوقمدەبن، ئەهوەن و نەرم، ئەو دەنگ و رەنگ و مۆسقا نادیارانە، لەژێر ئەو شەپۆلە سووتێنەرانە، نوقم دەبن، دەڵێی هیچکات نەبوویتە حەیاتم، کات و شوێن لەگەڵ تۆدا نوقم دەبن، دەڵێی هیچکات ژیان خاوەنی ئەو کات و شوێنە نەبووە دڵەکەم، کەلێنێ دەکەوێتە نێو مێژووی منەوە گیانەکەم، نازانم بەگیانی تۆ نازانم بەچی پڕی بکەمەوە، ئەدی هیچ ئاسەوارێك لەورشە جوانەکانی لەشی نایەتە چاوانمەوە، دەڵێی هیچکات تۆ هەبوونت نەبووە، ماسییە چکۆلە زیوینەکەی بنی ئەو زەریایە ئاخرەکەی کاری خۆی کرد، ئاکامی بەتۆ هێنا، ئێستا تۆ ئیدی سەقامتگرتووە، ئەوکاتە وا لێوەکانت لەسەر لێوەکانی من نیشتەجێبوون،



وامزانی ئیدی سەقامتگرتووە، ئارامبوویتە، بەڵام هەڵەبوو حەیاتم، هەڵە، تۆ ئارام نەبوویت، لێوەکانت هەر سەرگەردانبوون، بەڵام ئێستا لەبنی ئەو زەریایە تۆ ئارامتگرتووەو خۆشت بوویتە ماسییە چکۆلەیەکی زیوین و ئامادەی تاکو هەزاران شەپۆلی مەست و هەزاران ماچەداخی سەرگەردان بخۆڵقێنیت.

تەواو